## کرێکارانی جیهان یەکگرن !

# پێشڕەو

ئۆرگـانی کومیتـەی نـاوەندی کۆمەڵـە



* مانگرتنی راننده تاکسی‌یەکانی شاری سەقز ل٧

* کۆبوونەوەی ئیعتزازی کریکارانی کارخانەی سیما چوب ل٧

* ئیعتزازی کریکارانی ئیخراجی دانشگای چەمران لە ئەهواز ل٧

* هیرشی مەئمورانی شارەداری بۆسەر دەستفروشان لەشاری تەوریز ل٧



دەورەی دووهەم     ژمارە ١٦٤     نیوەی دووهەمی مانگی خاکەلێوەی ١٣٨٢ - ئاوریلی ٢٠٠٣


## رژیمی عیراق رووخا

### خەبات بو بەدەست هینـانی رزگاری واقعی دریژەی هەیە

هـەر وەکـو چـاوەروان دەکـرا پـەلاماری دەولەتانی ئامریکا و ئینگلیس بوسەر عیراق رژیمی حیزبی بەعسی لەم ولاتە روخاند. لەم روژانەدا رژیمیك هەرەسی هینا کە ماوەی سی و چـەند سـالە دەسـەلاتی رەشـی خـوی لـە ریگای کوشت و بر و زیندان و وئەشکەنجە و شەر بە سەر خەلکی ئەو ولاتە دا سەپاندوە. هاتنـە خـوارەوەی وەهـا رژیمیـك لـە تـەختی دەسەلات ئاواتی زوربەی هەرە زوری خەلکی عـیراق بـە گشـتی و بـە تایبـەتی ئـاواتی لەمیژینەی کومەلانی خەلکی کوردوستان بوو. خەلکی کورد زیاتر لە هەموو بەشەکانی تری عیراق ئازاری سیاسەتی توقاندن و داپلوسین و کومـەل کـوژی ئـەو رژیمـەیان دیتـوە و لـە هـەمان کـات دا خـەبات و بەرەنگاربونـەوەش رەوتیکـی بـەردەوامی ژیـانی ئـەو کومەلگایـە بووە.

بەلام بـیزاری کومـەلانی خـەلك لـە رژیمـی سـەدام بـە مانـای ئـەوە بـوو کـە ئـەو خەلکـە خوازیاری ئازادی و ئاسوودەیی وئاسایش و ژیانیکی باشتر بوون ، دەیان هەویست کە لە ولاتیکـی ئـاوەدان دا بـە تـیر و تەسـەلی و بـە ئاشتی و بە تەبایی بژین . ئاشکرایە کە وەها ئـاواتیکی ئینسـانی خـەلاتیك نیـە کـە لـە ئاسمانـەوە بـو ئـەم خەلکـە بیتـە خـوارەوە. ئاواتیکی بـەرزی لـەم چەشنە تـەنیا بە هـیزی وەخەبەر هاتوی جەماوەر دەتوانی بەدی بیت .

ئەزمونی ژیان لـە هـەموو جیـهان نیشـانی داوە کـە دەولـەتی ئـەمریکا لـە جەرگـەی کیشـەکانی ئەمروی دونیا دا بیجگـە لە دابین کردنی بەرژەوەندیەکانی خوی بە شوین هیچ مەبەسـتیکی تـرەوە نیـە . ئەمروکـە توانـای نیزامی ئامریکا ریگای پـی ئەدات کە بیر لـە


بروانە لاپەرەی ٢


## رووخانی رژیمی عیراق، هەل و مەرجی تازەی سیاسی

### لە وت و ویژ لەگەل هاوری ئیبراهیمی عەلیزادە دەبیر ئەوەلی کۆمەلە لەگەل گوڤا ری جیهانی ئمیروز

**جیهانی ئیمروز:** هیرشی نیزامی ئامریکا و ئینگلیـس بۆسـەر عـیراق هـەروەك چاوەروان دەکرا، رووخانی رژیمی عـیراقی لی‌کەوتـەوە، ئیمـە پیشـتر گـەلیك جـاران سەبارەت بە ئامانج و شـەرەنگیزی‌یەکانی ئامریکـا لـەم پەیوەندی‌یـەدا قسـەمان کـردوە، ئیستا پرسیار ئەوەیە ئایا بـە سەرکەوتن لەم شەرەدا دەکری بلیـن کـە دەولـەتی ئامریکا بـە ئامانجـەکانی خـۆی گـەیشتوە ؟

**ئیـبراهیمی عـەلیزادە:** هـەروەك ئامانجـەکانی ئامریکا لـەم شـەرەدا لـە بەرژەوەندی و قازانجی دیـاری کـراوی ئەم دەولەتە لە عیراق بەولاوەتر بووهـەر بـەو پییـە بـو هەلسـەنگاندنی رادەی سەرکەوتن یان شکستیشی پیویستە لە رودواوەکانی ناخوی عیراق واوەتر بچین و پیوانـەی گشـتی تـر بو ئـەو مەبەسـتە بـەکار بینـین . ئـەو ئاسـتەنگ و دژواری‌یانـەی کـە ئامریکـا هـەر لـە بەرەبـەیانی رووخـانی رژیـم لـە عـیراق لەگـەلی بەرەورووبوە، یـەك و دوو نـین، دامـەزراندنی رژیمیکـی سـەقامگرتووی


بروانە لاپەرەی ٣


## رژیمی کۆماری ئیسلامی و مەسەلەی وت و ویژی رەسمی لەگەڵ ئامریکا

بەدوای هیرشی ئامریکا و ئینگلیس بۆسەر عیراق و دارمانی رژیمی سیاسی ئـەم ولاتـە و نیشـتەجێ بـوون و دامـەزرانی دەیـان هـەزار هـیزی ئامریکایی لە خاکی عیراق، ویدەچی کە کـار بەدەسـتانی رژیمـی کۆمـاری ئیسلامی بە دوای شـەری ئەفغانستان بـۆ یەکـەمین جـار مەترسـی زەخـت و زۆری ئامریکـا لەپـەنا گـویی خویـان هەست پێ دەکەن. لە راستی‌دا ئیستا ئـیران کەوتوتـە گـەمارۆی هیزەکـانی ئامریکایی. هەر بویە ئـەم روژانـە لیك دانـەوەی ئـال و گورەکـانی سیاسـی ناوچەکـە بوەتـە یـەکیك لـە تـەوەرەی ئەسـلی باسـەکانی کارناسـانی کـار و بـاری سیاسـی لـەناو ئـیران. زۆر لـەو کارناسـانە رەخنـەیان هەیـە لـەو سیاسـەتە عەمەلیـەی کـە رژیمـی ئیسلامی سەبارەت بە هیرشی ئامریکا بۆسەر عیراق گرتویەتیە پیش و باس لە نـاکوکی و بەرانبـەرکیی دیپلوماسـی راگەیەندراو لەگەل سیاسەتی تەبلیغاتی و کردەوەی رژیم دەکەن.

لـە هـەل و مـەرجیکی ئـاوا دایـە کـە هاشمی رەفسنجانی رەئیسی مەجمەعی تەشخیسـی مەسـڵەحەت بـۆ جاریکی‌تریش ئـالای موزاکـرە و وت و ویژ لەگـەل ئامریکا بەرز دەکاتـەوە، تـا لەو ریگایەوە بەلکو بتوانی سەربەخۆ و بەدەر لـە بالـەکان و جناح بـەندی نـاو رژیـم سیاسـەتی کۆمـاری ئیسـلامی لـە بەرانبەر ئامریکادا بەریتە پیش. دیارە رەفسـنجانی کـە وەك یـەکیك لـە گـەورەترین ئوپورتونیسـت و هـەل پەرستانی نـاو دام و دەزگـای کۆمـاری


بروانە لاپەرەی ٥


## با بە یارمـەتی پەنابـەرانی ئـیرانی دانیشـتوی ئوردووگـای رومادیـە "ئەلتاش" بچین.

ئاکام و دەرەنجامـەکانی شـەری ئامریکـا و ئینگلیـس لـە دژی عـیراق، داوینگیری پەنابەرانی ئیرانی دانیشتوی ئوردووگای ئەلتاش لە ئوستانی ئـەنباری عـیراق بـوە. هـەر چـەند راسـتەوخۆ ئـەم ئوردووگایـە لەلایـەن ئامریکاوە هیرشی نیزامی بۆ نەکراوە و هیزەکانی ئامریکا و ئینگلیس لە دانشـگای رومادیـە لـە نزیـك ئوردووگاکـە دامـەزراون بـەلام نـەبوونی ئەمنیەتی گیانی و مەترسی هیرشی دەستە و تـاقمی تالانکـەر و چەکدار، هەرەشە لە دانیشتوانی ئوردووگا دەکات.

ژمارەیەك لەو ئیرانیانەی کە لەسەرەتای شەری ئیران و عیراق لە ئەلتاش نیشتەجێ بوون، ویرای بنەماڵە و مال و منداڵیان بە ناچار مال و حالی خۆیان بەجێ هیشتوە و بۆ نزیك سنورەکانی ئوردون هەلاتوون. ئەوان لە نزیـك پاسـگای سـەر سنووری بـەناوی "  دامـەزراون و لـە چـاوەروانی‌دان بـۆ ئـەوەی ئـوردۆن ریگـای چوونـە ناوەوەیـان پـێبدات.


بروانە لاپەرەی ٦


## پاراستنی سلامەتی جسمی کریکارانی فەرش چن!

٩٠ هـەزار کارگـای فـەرش چنـین لـەئیران لـە چوارچیـوەی گەلاڵـەی "دریـژەدان بـە کـار" نـویٚ کرانەوە. بەپیٚی راپورتی واحیدی مەرکەزی هـەوال، بەرپرسی گەلالـەی "مانـەوە و دریژەدان بـە کـار" لـە وەزارەتی تەندروستی دەرمانی و ئاموزشی پزیشکی بە راگەیاندنی ئەم هەوالە لە پەراویزی یەکەم کارگای ئاموزشی گەلالـەی "بـەقا" مەعاینـەی دامـەزراوەکانی فەرش چنین لە قوم، ئامانجی لە بەجێ گەیاندنی ئەم گەلالەیەی، پەرەپیدانی سلامەتی لەشی فەرش چنان، باشـتر کردنـی شـوینی کـار و دامـەزراندنی بـانکی ئیتلاعاتی کارگای فەرش چنان راگەیاند.

وەکیل فەرەجی بە ئامـاژە بـە بوونـی ٥٠٠ هـەزار کارگای فـەرش چنین کـە غـەیرە بیهداشتین لـە ئیران وتـی: زیاتر لە ٢ میلیون کـەس لـە ولات سـەرگەرمی فەرش چنینن.


بروانە لاپەرەی ٦


## خۆپیشاندانی ١٠ هـەزار کـەس لـە کریکـارانی بیهشەهر


بروانە لاپەرەی ٢

پاشماوەی لاپەرەی ١

## رژیمی عیراق رووخا

گورینی دەولەتان بکاتەوە بەلام جی نشینیك کە لە نەبوونی خەباتیکی راستەوخوی جەماوەری دا بویان گەلالە دەکات ، بریتی‌یە لە پاراستنی چوارچیوەی نیزامی پیشوو و نویٚ کردنەوەی تەمەنی هەژاری و بی ماف کومەلانی خەلك . دەولەتانی ئەمپریالیستی و لە سەرووی هەموانەوە دەولەتی ئامریکا کە خویان سالەهای سال پشتیوانی‌یان لەو رژیمە کردوە، لە کاتی خوی دا چی توانیویانە پر چەکیان کردوە و مەجالی دروست کردنی چەکی کومەل کوژیان بو رەخساندوە ، ئەمروکە ناتوانن موژدە دەری ئازادی و رزگاری و بەدی هاتنی ئاواتەکانی سەرکوت کراوی ئەو خەلکە بن .

جەماوەری خەلکی عیراق کە دەبینن گەماروی ئابوری و شەریکی بی بەزییانە ولاتیکی کاول کراوی پر لە ئاژاوەی کە ئاسەواری هەتا سالەهای سال بە سەر جەستەی ئەو کومەلگایە و دەمینەتەوە ، بو بە جی هیشتون، هەقیانە ئەگەر هیچ بروایەك بە بەلینیەکانی ئەمروی ئەمریکا بو ساریژ کردنی برینەکان و بو دیموکراسی و بنیات نانەوە، نەکەن و ئامریکا و دەولەتیکی تازە کە ئەوان سەر و بەری پیك بینن، لە خویان بە بیگانە بزانن .

ئیمە دەزانین کە لە پشتەوەی شانوگەری بەلینی بو سەر لە نوی ئاوەدان کردنەوەی عیراق چ سیاسەت گەلیکی تەماع کارانە خویان حەشار داوە . ١٢ سالە رەنج و ئازاری گەمارویەکی ئابوری بی بەزییانەیان بە سەر خەلکی عیراق دا سە پاندوە و بونە سەبەبکاری مەرگی هەزاران منالی ئەو ولاتە . گەمارویەك کە بە کردەوە رژیمی عیراقی تا ئەو کاتەی کە لە نەزەر ئامریکاوە هەل و مەرجی وەلانانی ئامادە ببو لە دەسەلات دا پاراست . ژیرخانی ئابوری ئەو ولاتەیان ویران کرد . ولاتیکی دەولەمەند بە هیزی ئینسانی و سەر چاوەی سروشتی گەورە، بوەتە ولاتیکی هەژاری کاول کراو .

ئەگەر پروژەی ئەوان بو کوردستان بەریوە بچی بەشیکی زوری خەلکی کوردی دانیشتوی ئەو ولاتە بە رەسمی لە ماف نەتەوایەتی خویان کە دەیان سالە خەباتی بو دەکەن ، بی بەش دەبن و بەشەکەی تریشی بەو پیکهاتەیەی کە بو دواروژی عیراق لە نەزەر گیراوە ، دەبن بە پاشکوی دەولەتیکی دژی دیموکراتیکی مەرکەزی . دەیان هەوی پیکهاتەیەکی دوا کەوتوو لە سەر بنەمای پەرە پی دانی روحی چەند بەرەکی و تەفرەقە لە ناو کومەلانی خەلکی ئەو ولاتە دا دا بمەزرینن و ناوی دەنین دیموکراسی بو عیراق . ئەو بە ناو دیموکراسیەی کە قەرارە دوای تەواو بونی دەورەی نادیاری حکومەتی نیزامیە کان جی گیربی و دەزانین کە دەبیتە سەرچاوەی دەیان کیشەی دەس کردی نوی لە ولاتە دا .

کومەلانی خەلکی وشیاری دونیا مەبەستەکانی سیاسەتی شەر خوازانەی ئامریکا باش دەناسن . بناغەی هان دان و کوکردنەوەی هیز لە دژی شەر ئەنگیزی ئەمریکا شیعاری نا بو شەری ئامریکا و نا بو دیکتاتوری بوو . زوربەی هەرەزوری ئەو خەلکەی کە لە یەك دوو مانگی رابوردوودا چالاکانە لە دژی شەر هاتونەتە سەر شەقامەکان بچوك ترین عەلاقەیەکیان بە دیفاع لە رژیمی عیراق نەبوو بگرە لیشی بیزار بوون و دەیان زانی خەلکی عیراق لە دەست ئەو رژیمەوە چ دەکیشن. بەلام ئەم بزوتنەویە لە هە مان کات دا ئامانجەکان و شیوەی هەلس و کەوتی ئەمریکایان لەم کیشمە کیشە دا دەناسی و ئەو سیاسەتەیان لە دەیان نمونەی تر لە شوینە جوراوجورەکانی دونیا دا تاقی کردوەتەوە . ئەوان ئەو راستی‌یەیان بە باشی دەزانی کە پەلاماری ئامریکا بو سەر عیراق لە بەر دل سوزی بو دیموکراسی یان لە پیناوی شەر لە دژی تیروریسم یان لە بەر نیگەرانی لە هەبونی سیلاحی کومەل کوژ ، لە بەر هیچ کام لە ئەوانە نیە بەلکو ئەو پەلامارە لە ئاکامی کیشەیەك دیتە کایە وە کە تیی دا ئامریکا دەی هەوی دەسەلاتی تاقانەی خوی بە زەبری چەك بە سەر چارەنوسی دونیای ئەمرو دا بسەپینی . دارو پەردووی ئەو کیشەیە بە سەر خەلکی هەژار و ستەم لیکراوی عیراق کە لە هەمان کات دا رژیمیکی دیکتاتوریش نەفەسی لی بریبون ، دا دەروخی .

گومان لە وە دانیە کە بەرهەمی داگیر کردنی عیراق لە لایەن هیزەکانی ئامریکاو و ئینگلیس و هینانە کایەی رژیمیك کە گوی لە مشتی ئەوان بی ، بە مانای دامەزرانی دیموکراسی لە عیراق نیە . دوا بە دوای ئەم شەرە بەرهەم هینانی چەکی کومەل کوژ لە دونیا نە تەنیا کەم نابیتەوە بەلکو پیش برکی یەکی تەسلیحاتی بەرینتر دەکەویتە ری و هەل گیرساندنی شەری تریش بو ئەمریکا، ئەگەر بە زەبری زەختی جەماوەر بەری پی نەگیری، ئاسان تر دەبیتەوە . تیروریسمی کویرانە پەرە دەستینی و گەلیك نەهامەتی دیکە سەرباری بی بەشی و بی ئەنوایی خەلکی چەوساوە و هەژار زیاد دەبی .

ئەگەر چی بزوتنەوەی دژی شەر لەم قوناغە دا نەی توانی بەر بە مەیلی هیز نواندن و شەر ئەنگیزی دەولەتی ئامریکا بگری، بەلام ئەمرو هیزیکی جیهانی کە ئیتر نای هەوی لە وە زیاتر هەر بە تەنیا چاوەروانی روداوەکان بی، وەخەبەر هاتوە و هاتوەتە مەیدان . ئەو حەرەکەتە جیهانیە بی گومان بە دەرس وەرگرتن لە ئەزمونی ئەم دەورە کورت ماوە بەلام پر بایەخەی خوی ، پی دەنیتە ناو جەرگەی کیشەکانی داهاتوو وە ئەو دەس کەوتە هیز و توانایەکی گەلیك گەورەمان لە پیناوی گەیشتن بە دونیای ئینسانی ئازاد و بەرابەر پی دە بەخشی .

ئەمرو ئەمریکا خەریکی داسەپاندنی پیکهاتەیەکی سیاسی وەکوو ئەفغانستان بە سەر خەلکی عیراق دایە . لە بەرانبەر ئەو سیاسەتە دا نە ناسیونالیسمی بی بنەمای عەرەب و نە کونەپەرەستی ئیسلامی سیاسی هیچ کامیان توانای ئەوەیان نیە ئاسویەکی سیاسی روون لە بەر دەم خەلکی ئەو ولاتە دابنین و ئەوە خوی فورسەتیکی گەورەی بو مەیلی پیشرەو و سوسیالیستی خولقاندوە . ئەوەی کە ئەمروکە خەلکی ئازار چیشتوو و ماندو لە ژیر باری دیکتاتوریەت دا پیویستیان پی‌یەتی ، سەر لەنوی بە دەست هینانەوەی بروا بە خو بو هاتنە دەر لە هەل و مەرجیکە کە رژیمی دیکتاتوری پیشوو و شەری ئەمریکا ، هەر دووکیان ، بویان خولقاندوە و ئەوە بە دەست نایەت مەگەر ئەو خەلکە ئەو ئامرازانەی کە ئیمکانیان پی ئەدات هەلسوراوانە لە دیاری کردنی چارەنوسی سیاسی خویان بەشدار بن، بە دەستی بینن . پیك هینانی ریکخراوەی جەماوەری و دامەزراوی کومەلایەتی پیش کەوتو، پەرە پی دانی ناوەندەکانی پیشرەو و سەر بەخو بو بلاو کردنەوەی بیری نوی و رزگاری بەخش و سە پاندنی بە سەر دەسەلات دارانی تازە ، نزیك بونەوە و هاوپەیمانی لە نیوان مەیل و بوچونەکانی کومونیستی و شورشگیر ، شکل پی دانی شارستانیەتیکی پیش کەوتوو لە قولایی کومەلگاوە، ئەوەیە ئەو ریگایەی کە بو زال بون بە سەر ئەو لە بەر یەك ترازانەی شیرازەی سیاسی و ئابوری و کومەلایەتی ، کومە لگای عیراق پیویستە بیگریتە بەر و ئیمە دلنیاین خەلکی زەحمەتکیش و ستەم لیکراو سەرکەوتوانە ئەم ریگایە دەپیون. وەها حەرەکەتیك لە کومەلگای عیراق دا سوننەت و ئەزمونی بە نرخ و جی کەوتوی هەیە و بیرو رای گشتی و ئەو بە میلیونەها ئینسانەی کە لەو مانگانەی دوایی دا بە پشتیوانی لە خەلکی عیراق دژ بە شەری ئەمریکا و ئینگلیس بوون لەم رەوتە پشتگیری و پشتیوانی دەکەن . خەلکی تیکوشەر و ستەم لی کراوی کوردستانیش لیرە دا دەتوانن جیگای شیاوی خویان لە لای بیرو رای گشتی پیش کەوتن خواز و رادیکالی جیهان لە جەرگەی ئەو هاوپشتیە جیهانی یە سەر لە نوی بە دەست بیننەوە .

*

## خۆپیشاندانیك بە بەشداری ١٠ هەزار کەس لە کریکارانی بیهشەهر

بیهشەهر کە یەکیك لە شارەکانی ئوستانی مازندەرانە رۆژی چوارشەممە شاهیدی خۆپیشاندانی بەرینی کریکاران بوو. بە گویرەی هەوال نزیکەی ١٠ هەزار کەس لە کریکارانی بیهشەهر رۆژی چوارشەممە ٢٧ی خاکەلیوە لە بلواری هاشمی نەژادی بیهشەهر خۆپیشاندانیکیان وەریٚ خست و لەبەر دەرکی پارکی میللەتی ئەو شارە کۆبوونەوە. داخوازی کریکاران لەم کۆبوونەوەیەدا، نارەزایەتی لە هەل و مەرجی ژیان بوو.

جەماوەری نارازی کە زۆربەیان کریکارانی کارخانەی چیت سازی بوون، خوازیاری دانی حەقدەستە وەدوا خراوەکانیان بوون. ئەو کۆبوونەوە ئیعترازی‌یە بە دەخالەتی هیزی ئینتزامی بو بەهوی دەرگیری و ئالۆزی بە جۆریك کە هیزی ئینتزامی لە گازی فرمیسك ریژ کەلکی وەرگرت.

رەحمانی خەلیلی بەناو نوینەری خەلکی بیهشەهر بە مەبەستی پاساوکردنی سەرکوتی کریکاران، خۆپیشاندان و ئیعترازی کریکارانی بە ئامانجیکی سیاسی لە قەلەم دا و وتی: ئەم داوییانە کە کریکاران چەند مانگیك حەقدەستەکانی خویان وەر نەگرتوە وهەل و مەرجی شیرکەت زۆر قەیراناوی‌یە، شاهیدی جم و جولیکی نەهینی بووین کە بە سەرنج دان بە روداو و مەسایلیك کە لەو شیرکەتەدا دەیبینین، وا بە نەزەر دەگا کە ئەو حەرەکەتە حەرەکەتیکی سیاسی‌یە کە دەیهەویٚ لە قالبی کۆبوونەوەی کریکاری‌دا بە ئامانجەکانی خوی بگا و جیگا و شوینی مەجلیس و دەولەت، یان نوینەری مەجلیس و دەولەت لە بەرچاوی شارۆمەندان ناموەفەق نیشان بدات.

*

پاشماوەی لاپەرەی ١

# وت و ویژ لەگەل هاوری ئیبراهیمی عەلیزادە

پرۆ ئامریکایی کە ئەم ولاتە بکاتە بەهەشتی سەرمایەگوزاران و هاوسەنگی هیزی ناوچەیی بەقازانجی دەولەتی ئیسرائیل بگوری، بە لای سیاسەت داریژەرانی ئامریکاییشەوە دژوارتر لەوەیە کە خوشیان چاوەروانیان دەکرد. ئەوان بەلێنی‌یان داوە بە ووتەی خویان عیراق بکەن بە نموونەی دیموکراسی لە رۆژهەلاتی ناوەراست، کە چی ئەوەی بەکردەوە کردویانە و دەی کەن بە پیچەوانەیە وئەگەر سیاسەتەکانی ئەمریکا لە مە دواش لەم ولاتە بەریوە بچی بیجگە لە رەنج و ئازار و بی بەشی بو خەلکی ئەو ولاتە شتیکی تری بە شوینەوە نابی .

بالی راستی دەسەلاتدار لە ئامریکا بە وەری خستنی ئەم شەرە هەولی دەدا بە جیهان نیشان بدات کە گوێ بە دژایەتیەکان نادات، توانای گورینی دەولەتانی هەیە و هەرچی کە خۆی ئیرادە بکات بەریوەی دەبات، بۆ ئەو مەبەستە پیویستی بە سەرکەوتنیکی خیرا و پر زەبر و زەنگ هەبوو هەتا بە وەها ئاکامیك تووی ترس و وەحشەت لە ناودلی دەولەتانی تری نەیاری خوی دا بچینی و لەو ریگایەوە باقی پلانەکانی خوی بەریوە بەری . هەر بویە دیتمان کە بە خیرایی پاش کوتایی هاتنی شەر لە عیراق، دەستی دایە هەرەشە کردن لە دەولەتی سوریە. بۆ هیچ کەس جیگای گومان نەبوو کە رژیمی عیراق لەژیر فشاری نیزامی ئامریکادا پاش مقاومەتیکی کورت دەروخی، بەو مانایە تا ئیرە ئامریکا سەرکەوتوو بوە . بەلام دەولەتی ئامریکا نە لەناوخۆی عیراق بەپیی تەناقوزاتیك کە وجودیان هەیە و خوشی پەرەی پیداون و ئالوز تری کردون و نە لەئاستی جیهانی‌دا بەپیی هاوسەنگی واقعی هیزەکان ، توانای ئەوەی نیە ئەو سەرکەوتنە سەرەتاییەی خوی سەقامگیر کات وبەهەرەی پیویستی لی وەربگری .

لەناو خۆی عیراق دا گیروگرفتەکان بو دامەزراندنی دەولەتیك کە مەبەستی ئامریکایە هەتا دیت زیاتر دەبن و لەئاستی جیهانیش دا چەند بەرە بۆ بەگژدا چوونەوەی مەزن خوازی ئامریکا بەرەبەرە خەریکن شکل دەگرن.

ئەمرو زیاتر لە هەر کاتیکی‌تر روون بۆتەوە کە جیهانی یەك جەمسەریی کە ئامریکا پاش لە بەریەك هەلوەشانی یکیتی سوڤیەت لەژیر ناوی نەزمی نویی جیهانی بە شوینیەوە بوو، نایاتە دی. کەلین و کەلەبەری گەورە لە دونیای سەرمایەداری‌دا سەر لەنوی سەریان هەلداوە. چەندین بلووکی ئابووریی بەهیزی لە ریز بەستنی نوی جیهان دا داوای بەشی سیاسی خۆیان دەکەن. دیارە سەهمی ئابووریشیان دەبی بە پلەی یەکەم پاریزراو بێ. ئامریکا بە پالپشتی هیزی گەورەی نیزامی خۆی دەتوانی ئاسایشی جیهان بشیوینی بەلام ناتوانی ئەو نەزمەی کە مەبەستیەتی بە سەر چارەنوسی جیهانی دا بسەپینی. ئەو گیروگرفتانەی کە دەولەتی ئامریکا لە کاتی تداروکی شەر دا لە گەلی بەرورو بوو رەنگ دانەوەی هەر ئەو راستی بون .

دەولەتی ئامریکا لە بەراورد لەگەل شەری کوەیت لە سالی ١٩٩١ کە ژمارەیەکی بەرچاو لە دەولەتەکانی وەکو هاوپەیمان بەدوای خۆی‌دا کیشا و ریبەری کردن وە تەنانەت لە بەراورد لەگەل شەری دژی تالیبان لە ئەفغانستانیش دا ، لە شەری ئەم دواییەی‌دا لە عیراق لە ئاستی جیهانی‌دا چ بەلای دەولەتەکان و چ بەلای بیرورای گشتی‌یەوە زۆر تەریك کەوتبووە و ئیمە دەرەنجامەکانی ئەم تەریك کەوتنەوەیە بەرەبەرە لە تیکرای بوارەکاندا لە ئاستی نیونەتەوەیی‌دا لەمە بە دوا دەبینین. لە دەیەی رابردوودا ئەوە بۆ یەکەمجار بوو کە ریکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان تەسلیمی سەرەرۆیی ئامریکا نەبوو وە شەری ئامریکای لەدژی عیراق پەسند نەکرد. لە هەمان کات دا بیرورای گشتی وەك هیزیکی ئەنترناسیونالیستی کە ریشەی لە خەباتی دژی کاپیتالیستی پەرە گرتووی سالانی رابردوودا هەیە، خۆی بەسەر هاوسەنگی هیز لە کیشمەکیشەکانی جیهانی ئەمرۆدا سەپاند.

**جیهانی ئیمروز: ئامانجە ئابووری و سیاسی‌یەکانی ئامریکا لە عیراق کامانەن؟ ئیمکانی دەست راگەیشتن بەو ئامانجانە بۆ ئامریکا چۆن دەبینی؟**

**ئیبراهیمی عەلیزادە:** بە بروای من ئامریکا لە عیراق بە پلەی یەکەم بەشوین ئامانجی دەست بەجیی ئابووری‌یەوە نیە. سەرەرویی نیزامی لە خزمەت وەدەست هینانی جیگا و شوینیکی سیاسی مەزنتری جیهانی‌یە کە ئامریکا دەیەوی باجی ئابووری‌یەکەی لە رۆژهەلاتی ناوەراست وبگرە لە هەموو جیهان بستینی. هەلبەت گومان لە وە دا نیە کە خەرجی شەر و خەرجی راگرتنی هیزەکانی لەمە بە دواش لە عیراق هەر لە سەروەت و سامانی ئەو کومەلگایە دابین دەکات. مشت و مریك کە لەسەر ئاوەدانکردنەوەی عیراقیش کەوتوەتەری بە پلەی یەکەم کیشمەکیشیکی سیاسی‌یە، تا ململانی‌یەکی ئابووری. ئامریکا هەول دەدا کە رژیمیکی گوی بە فەرمانی خۆی لە عیراق دابمەزرینی و هەروەك شوینەکانی‌تری رۆژهەلاتی ناوەراست بەجیگای داگیرکردنی تەواو، پایگاکانی نیزامی خۆی لە عیراقیش جیگیر کات.

بەلام ئەنجامدانی ئەم گەلالەیەش لە عیراق بۆ ئامریکا گیروگرفتی زۆری بەدواوە دەبی. لە لایەکەوە داگیرکردنیکی تەواوی نیزامی، راستەوخۆ هیزەکانی ئامریکا لەگەل خەلك بەرەورو دەکات . دەرکەوتنی هەر رۆژەی ئەم دیمەنانە لەسەر شاشەی تلویزیۆنەکان بۆ دەولەتی ئامریکا کە بەتوندی پیویستی بە پاراستنی بیرورای گشتی لە ئامریکا بو پشتگری سیاسەتەکانی خۆی هەیە، دلخواز نیە . لە لایەکی‌ترەوە چوونە دەری هیزەکان و ئەسپاردنی کاروبارەکان بەدەست دەولەتیکی لاوازی خۆجیی کە لەنیو خەلکدا بناغەیەکی نیە، ئەم ولاتە زیاتر تووشی نائارامی دەکات. گەلیك گیروگرفتی کۆمەلایەتی لەو کۆمەلگایەدا هەن کە ئامریکا لەچارەسەر کردنیان داماوە.

خەبات لەدژی داگیرکەر هەر لەئیستاوە دەستی پیکردوە، بە زوویی دەتوانین قسە لە خەباتی رادیکال و شورشگیرانە لەپیناو گەیشتن بە ئازادی راستەقینە لەم ولاتەدا بکەین کە زەمینەی کۆمەلایەتی بەهیزی لەعیراق دا هەیە. خەباتی خەلکی کورد لەپیناو بە دەست هینانی مافی دیاری‌کردنی چارەنووسی خۆی لە پرۆژە دەستکردەکانی ئامریکا دوور دەکەویتەوە و پی دەنیتە قوناغیکی‌ترەوە.

**جیهانی ئیمروز: لەم روژانەدا وتەبیژانی ئامریکا لە هەر بونەیەکدا هەرەشە لە سوریە دەکەن ، بەبروای ئیوە لەم پەیوەندی‌یەدا چ ر ووداویك لە ریی دایە؟**

**ئیبراهیمی عەلیزادە:** من لام وایە شەریك لەگەل دەولەتی سوریە لە ئارادا نیە. هەلگیرساندنی خیرای شەریکی‌تر لە رۆژهەلاتی ناوەراست بۆ ئامریکا لەم قوناغەدا نە پیویستە و نە بە قازانجە. هەلبەتە بە هیچ جۆر قسە لە هیرشی نیزامی بۆسەر رژیمی ئیرانیش لەگوری‌دا نیە. بازار گەرمی کەسانیك لەنیو بالی راستی ئوپوزیسیونی ئیران کە وا دەنوینن گویا پاش عیراق نۆرەی ئیرانە، نابی بە جیددی وەربگیری . بەلام ئامریکا شەریکی هەلگیرساندوە و پوولیکی خەرج کردوە و دەیەوی هەتا ئەو کاتەی کە شوینەوارەکانی سەرکەوتنی نیزامی دیارن ، زۆرترین کەلك لە سیاسەتی هەرەشە و ترساندن بو وەرگرتنی ئیمتیاز وەربگری. ئەگەر بو وینە لەم ریگایەوە مەیدان بە حیزبووللای لوبنان و ریکخراوە فەلەستیی‌یەکان بەرتەسك بکاتەوە وە یان دەولەتی سوریە گرفت نەخاتە سەر ریگای پروژەکانی ئیسرائیل لە فەلەستین ، ئەمانە ئیمتیاز گەلیکن لە خزمەتی سەرجەم ستراتیژی ئامریکا لە رۆژهەلاتی ناوەراست دا. ئەم هەرەشانەش هەر لەو چوارچیوەیەدا دینە ئاراوە.

**جیهانی ئیمروز: ئیشارەت بە مەسەلەی کورد لە عیراق کرد. ئاسۆی چارەسەری ئەم مەسەلەیە لە عیراق پاش رووخانی رژیمی عیراق چۆن دەبینی؟**

**ئیبراهیمی عەلیزادە:** پیشتر لەم پەیوەندی‌یەدا وتوومانە کە لە پرۆژەکانی ئامریکا بۆ داهاتووی عیراق، شوینیك بۆچارەسەری مەسەلەی نەتەوایەتی لە کوردستان لەبەرچاو نەگیراوە. تیکرای ئەوانەی کە تا ئیستا لە پەراویزدا و نیو بەنیو لە قسەی دوولایەنەدا لەلایەن سیاسەت دانەرانی ئامریکاوە باسیان لی کراوە و یان تەنانەت لە کوبونەوەکانی ئوپوزیسیونی دژی رژیمی پیشووی عیراق لەژیر ناوی فیدرالیزم دا راگەیەندراوە و هەلبەت هەرکام لە بالەکانی ئەم ئوپوزیسیونەش لیکدانەوەی تایبەتی خۆی لەم بارەیەوە هەیە، نە تەنیا چارەسەرکردنی ستەمی نەتەوایەتی بۆ خەلکی کوردستانی بە دواوە نابی، بەلکوو بەریوەچونیان بەمانای دریژە پی دانی بی‌ماف و بی‌بەشی زیاتر دەبی بۆ خەلکی کورد لە عیراقدا و بە کردەوە بارودۆخەکە ئالوزتر و ریگا چارەسەری مەسەلەکە دژوارتر دەکەنەوە. بەلام بەدریژەکیشانی قەیرانی سیاسی لە عیراق و کوتایی هاتنی خوشباوەری بەرانبەر بە ئامانجە راستەقینەکانی ئامریکا لە عیراق ، گەلیك مەجالی نوی بۆ خەبات لەپیناو وەدەست هینانی مافی دیاری‌کردنی چارەنووس و ئازادی بۆ خەلکی کوردستانی عیراق دەکریتەوە. خەلکی کوردستان لە دەورەی تازە دا دەست لەسەر دەست دانانین و خەبات لەپیناوی رزگاری راستەقینە لەستەمی نەتەوایەتی و وەدەست هینانی مافە ئینسانی‌یەکانی خۆیان لە ئەو پەری بەرنامە و بەرجەوندیە کانی ئامریکا دا بەرەو پیش دەبەن .

مەسەلەی دەسەلاتی سیاسی لە عیراق یەك لایی نەبوەتەوە و هیشتا پەروەندە یەکی کراوەیە . چارەنووسی مەسەلەی کوردیش لە عیراق پیوەندی بە ریزبەستنی سەر لە نویی هیزەکان و چالاکی مەیلە سیاسی و کۆمەلایەتیەکان لە سەردەمی تازەدا بەستراوەتەوە.

هیزی چەپ و رادیکال لە کۆمەلگای عیراق دا بە گشتی و لە کوردستان دا بە تایبەتی وەك حەرەکەت و گەرایشی سیاسی ، خاوەنی پیشینە و سوننەتی جی کەوتوە. لە قوناغی دووهەمی قەیرانی سیاسی عیراق دا بە هاتنە مەیدانی هیزی راستەوخۆی خەلك و بزوتنەوەی رادیکالی کۆمەلایەتیە کە دەکری بە چارەسەری عادلانە و ئینسانی مەسەلەی نەتەوایەتی لە کوردستانی عیراق هیوادار بی.

**جیهانی ئیمروز: چارەنووسی بزووتنەوەی نەتەوایەتی لە کوردستانی عیراق، چ شوینەواریکی لەسەر بەشەکانی‌تری کوردستان لە ئیران و تورکیە دەبی؟**

**ئیبراهیمی عەلیزادە:** راستە کە مەسەلەی کورد مەسەلەیەکی ناوچەیی‌یە و خەبات لەپیناو چارەسەری ستەمی نەتەوایەتی لەشیوازی جیاواز لە هەموو پارچەکانی دا لە ئارادایە، بەلام هەل و مەرجی سیاسی

و کۆمەلایەتی کۆمەلگای کوردستان لەم ولاتانەدا کە خەلکی کورد وەك کەمایەتیەکی نەتەوەیی تیی‌دا دەژین وەك یەك نیە و ئەو بزووتنەوانەی کە لەو شوینانە لە ئارادان ستراتژی‌یەکی هاوبەشیان نیە.

رەوتی بزووتنەوەی خەلکی کورد لە کوردستانی عیراق دەتوانی جیاواز لەو شتە بی کە لە ئیران، ستراتیژی ئیمە پیك دینی و لە تورکیەش دا هەر بەمجۆرە، بەلام سەرەرای ئەوە، ئەو سنوورانەی کە خەلکی کورد لە ئیران و عیراق و سووریە بەشیوەی رەسمی لە یەکتر جیا دەکاتەوە هەرگیز لە هیچ دەورەیەك دا نەیتوانیوە پیش بە پەیوەندی کۆمەلایەتی و فەرهەنگی و ئابوری جەماوەر و هەر وەها موناسباتی نیوان حەرەکە سیاسیی یە کان لە بەشەکانی کوردستان بگرێ، بەلکو لە خراپترین حالەتدا تەنیا هیندیك بەربەست و ئاستەنگ لە ئارادا بوە. بەو مانایە هەر رووداویك لە هەر بەشیکی کوردستان بە خیرایی لە بەشەکانی‌تری کوردستاندا رەنگی دەداتەوە و شوینەوارەکانی بارودۆخی ئیستای عیراقیش لە سەر کوردستانی ئیران و تورکیەش هەر لەو چوارچیوەیەدا دەبی هەل بسەنگیندریت. هەلبەتە لەم پەیوەندی‌یەدا مەسەلەیەکی کونکریت هەیە کە لەجیی خۆی‌دا دەبی باس بکری و ئەویش مەوقعیەتی ئەو هیزانەی ئۆپۆزیسیونە کە بەشیك لە هەلسووران و ئۆرگانەکانی ریکخراوەیی خۆیان لە دوو دەیەی رابردوودا لە کوردستانی عیراق دامەزراندوە.

**جیهانی ئیمروز:** ئەگەر ئیمکانی هەیە مەوقعیەتی هیز و ئۆرگانەکانی کۆمەلە کە لە کوردستانی عیراق جی گیرن ، بە لەبەرچاو گرتنی هەل و مەرجی نوی کە هاتۆتە پیش، بۆ خۆینەرانی ئەم گوڤارە باس بکە؟

**ئیبراهیمی عەلیزادە:** کۆمەلە لە دوو دەیەی رابردوودا بەشیك لە ناوەندەکانی بەریوەبەرایەتی و چالاکی کانی خوی لە ئەساس دا بە هاوئاهەنگی لەگەل یەکیتی نیشتمانی کوردستان لەو شوینانەی کە بە دور لە دەسەلاتی دەولەتی مەرکەزی عیراق بوون جی گیر کرد بوو. لە هەمان کات دا چەند دەفتەریکی لە شارەکانی ژیر دەسەلاتی رژیم کردبوەوە و لە هیندیك ئاسانکاری و ئیمکانات لەم پیوەندیە دا کەلکی وەردەگرت. هەمو پیوەندیەکان بە ئاشکرا بوون. لە کونگرەکانی کۆمەلە لە هەر دەورەیەکدا دەخرانەوە بەر باس و چونیەتی ئەوەش بە ئاگاداری خەلکی کوردستان دەگەیشت. نیاز بە دامەزراندنی ئەم پەیوەندی‌یانەش پیویستی‌یەکی تەشکیلاتی و سازمانی نەبوو، بەلکوو لە پەیوەند لەگەل بەرژەوەندی بزووتنەوەیەکی کۆمەلایەتی‌دا بوو. بردنە پیشی ئەرکی خۆراگری لەدژی هیرشەکانی کۆماری ئیسلامی و بزووتنەوەی شۆرشگیرانەی کوردستان پیویستی ئەم پەیوەندیەی هینابوە ئاراوە. سەبارەت بە نەفسی ئەم پەیوەندی‌یە هەر لە یەکەم سالی پاش هاتنە سەرکاری رژیمی ئیسلامی لە ئیران لە کوبونەوەیەکی هاوبەش دا بە بەشداری ماموستا شیخ عزالدین و نوینەرانی کۆمەلە و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران و یەکیتی نیشتمانی کوردستان، ریك کەوتبوون (لە بیرمە کە بەلگەیەکیش هەر لەم پەیوەندی‌یەدا ئیمزا کرا) کە دامەزراندنی پەیوەندی لەگەل دەولەتەکانی ئیران و عیراق بۆ هیزە سیاسی‌یەکانی بەشدار لە کۆبوونەوە رەوایە، بەو مەرجەی کە ئەم پەیوەندی‌یانە زیان بە خەباتی خەلکی کوردستان لە هیچ کام لە بەشەکانی نەگەینی و وردەکاری‌یەکانی پەیوەندی‌دار بەم مەسەلەیە لە لایەنەکان شاراوە نەبی. کۆمەلە بەردەوام بەم بەلینی‌یە پابەند بوە و لە قوناغی جۆراوجۆردا لە پیناوی دا قوربانیشی داوە. ئەوە مەسەلەیەکە هیوادارم لە هەلیکی‌تردا باسی بکەین.

ئەمرۆ هەل و مەرجەکە لە بەراورد لەگەل ٢٢ لوە پیش گورانی زوری بەسەردا هاتووە. پەروەندەی دەسەلاتی سیاسی داهاتوو لە عیراق و چارەنووسی سیاسی کوردستانی عیراقیش لە بەرانبەر ئەگەری جۆراوجۆردا کراوەتەوە و ئیمە بۆ حالەتی جۆراوجۆر پیش بینی پیویستمان کردوە. هەتا ئەو جیگایەی کە پەیوەندی بە کۆمەلەوە هەیە شیوازی کار و شیوەی هەلسوورانی ئیمە لە عیراق بەستراوەتەوە بە رەوتی گورانکاریە سیاسیە کانی ئەم ناوچەیە لە مانگەکانی داهاتوودا. ئیمە بە پیی بەرژەوەندی خەباتی شۆرشگیرانە لە کوردستانی ئیران ،بە پیی پابەند بوون بە پرەنسیبە سیاسی‌یەکانمان و بە پیی پیویستی پاراستنی ئیعتبار و سیمای سیاسی کۆمەلە لە ناو کومەلانی خەلك دا ، سیاسەتی خۆمان لەم بوارەدا لە پەیوەند لەگەل چونیەتی حزوور و هەلسوورانی خۆمان لەم ناوچەیە ، لەکاتی خۆی‌دا رادەگەیەنین.

**جیهانی ئیمروز:** بەگشتی شوینەواری ئەم قەیرانە لەسەر کوماری ئیسلامی و بەتایبەت لەسەر کیشمەکیشی نیوخۆیی بالەکانی چون لیك دەدەنەوە؟ ئایا ئامریکا لە هەولی خۆ ئامادەکردنی هیرش بۆسەر ئیرانە؟

**ئیبراهیمی عەلیزادە:** بەر لە هەر شتیك راستی‌یەك ئاشکرایە کە رووداوەکانی عیراق رولیکی گرینگیان دەبی لەسەر رەوینەوەی ئەو تەوەهووماتەی کە لەنیو بەشیکی خەلکی ئیران سەبارەت بە ئاکامەکانی دەست تیوەردانی ئامریکا لە ئیران هەیە. هەر بەو جۆرە کە کوماری ئیسلامیش نەیتوانی، ئولگویەکی هیوابەخش بۆ بزووتنەوە ئیسلامی‌یەکانی ناوچەکە بی، حکوومەتی دەستکردی ئامریکاش لەعیراق، بۆ خەلکی ئیران نموونەیەکی دلخواز نابی و ئەوە یەکەمین شوینەواری رووداوەکانی عیراق بەسەر کۆمەلگای ئیراندا دەبی.

ئاشکرایە کە ئامریکا لەسەرکەوتنی نیزامی خۆی بەسەر عیراقدا لانی زۆری کەلکی خوی وەردەگری و کوماری ئیسلامی بە مەبەستی دەستەمۆ کردن دەخاتە ژیر زەختەوە. هەلبەت کوماری ئیسلامیش بەباشی فرت و فیلی سازان و پەیوەندی لەگەل ئامریکا دەزانی و سات و سەودای نهینی لەم بوارەدا زۆر دەمیکە دەستی پیکردوە.

زەختی ئامریکا بو سەر کۆماری ئیسلامی هەم ئامانجی کورت خایەن و هەم دریژخایەنی هەیە. لە کورت ماوەدا ئامریکا داوا لە رژیمی ئیسلامی دەکات کە دەست لە پشتیوانی و هاندانی ریکخراوەکانی شیعە لە عیراق هەلبگری یان ئەوان رازی بە ملدان بە سیاسەتی ئامریکا لە عیراق بکات. هەر ئەو داخوازی‌یەشی لە سەر حیزبوللای لوبنان و بزووتنەوەی حەماس و جیهادی ئیسلامی هەیە. هەروەها کۆماری ئیسلامی ئامادەیە کە لیهاتوویی خۆی لە شوین دانان بەسەر ئەم جەریاناتە بە ئامریکا بفروشی. بەلام لەراستی‌دا بە پیچەوانەی ئەوەی کە بە روالەت نیشانی دەدا ئەمرۆ ئیتر کونترولیکی ئەوتوی بەسەر ئەم رەوتانە دا نەماوە. ئەم حەرەکەتانە خۆیان تارادەیەك خاوەنی ریشەی کۆمەلایەتی بەهیزن و لە مەسەلە واقعی‌یەکانی کۆمەلگای خۆیان هیز وەردەگرن. لەم بابەتەوە کاریکی ئەوتۆ لەدەست کۆماری ئیسلامی نایە و کیشەی ئامریکا و ئیسرائیل لەگەل ئەم حەرەکەتانە، لە مەیدانی کیشمەکیشەکانی رۆژهەلاتی ناوەراست دا چارەسەر دەکری.

بەلام دەولەتی ئامریکا لە دریژ ماوەدا چاوی لە گورانگاری بنەرەتی‌تر لە ئیران هەیە. پیکهاتەی سیاسی، یاسا و ریساکان، قەید و بەندە ئیدئولۆژیکی‌یەکان دەبی هەموو بگۆرین بۆ ئەوەی ئیران تیکەل بەو بازاری جیهانی‌یە بی کە ئامریکا لە بەرچاوی گرتوە، دەروازەی بازارەکانی ئیران دەبی بەرووی ئابووری و بەرهەمە فەرهەنگی‌یکانی ئامریکادا بکرینەوە. مەرجەکانی پەیوەست بوونی ئابووری ئیران بە ریکخراوی بازرگانی جیهانی لە پیکهاتە و ناوەندەکان و یاساکانی ناخو دا دابین بکریت و...

بەلام لە هەمان کات دا ئامریکا نایهەوی خۆی لەگەل مەترسی لە بەریەك هەلوەشان و رووخانی کۆماری ئیسلامی بەهۆی راپەرینی خەلك و سەرهەلدانە جەماوەری‌یەکان روو بە روو بکات، لەم رووەوە سیاسەتی هەرەشە و نەرمی نواندن لە پەیوەند لەگەل کۆماری ئیسلامی لە ئیران بۆ ماوەیەکی زۆر دریژەی دەبی و لەو ریگایەوە رژیم ناچار دەکات کە بەرە بەرە ئیمتیازی پی بدات.

کۆماری ئیسلامی تیدەکۆشی بە کەلك وەرگرتن لە کارتی ئوروپا و کەلك وەرگرتن لە دژایەتیەکانی نیوان بەرە سەرەکی‌یەکانی جیهان، بە مەبەستی پاراستنی نیزامی ئیسلامی، ئەم پروسەیە بە شینەیی بەرەوپیش ببات. بەلام ئایا گەشەی بزووتنەوەی رادیکالی کۆمەلایەتی لەئیران هەلی ئەم سات و سەودا هەنگاوبەهەنگاو و بەرەبەرەییە بە ئامریکا و بە کۆماری ئیسلامی دەدات؟ ولام بەم پرسیارە ئەرکی بەکردەوەی ئیمەیە.

لەم کیشمەکیشەدا بالی راستی رژیم تیدەکۆشی بە گرتنەبەری بەرنامەکانی ئیسلاح خوازان و بە کەلك وەرگرتن لە بی‌ئاکام بوون و بی‌لیاقەتی زاتی ئەوان، بەکردەوە لە هەموو بوارەکاندا کارەکان بەدەستەوە بگری. ئامریکاش لەوەدا کە سات و سەوداکەی هەر لەگەل ئەم بالە بە ئاکام بگەیەنی دەست ناپاریزی. هەر بۆیە مل و مو خو شیرین کردنی ئیسلاح خوازانی حکوومەتی و هەلپەرستانی ئوپوزیسیون لە لای دەولەتی ئامریکا، هەر بە تەنیا خویان سوك دەکات و هیچی تر.

**جیهانی ئیمروز:** پیویستی ئامریکا بە گۆرینی سیمای کۆماری ئیسلامی و یان تەنانەت لەسەر کار لابردنی، بە روالەت هاوئاهەنگیەکی بە کردەوەی لە نیوان ئامریکا و ئوپوزیسیونی ئەم رژیمەدا پیکهیناوە و هەلبەتە هەر ئەم بارودوخەش لەنیو خەلکدا هیندیك تەوەهومی بەرانبەر بە سیاسەتەکانی ئامریکا لەگەل ئیراندا پەرە پیداوە و چەند بالیکی ئوپوزیسیونیش لە هەولدان سواری شەپولی ئەم رەوتە بن، لە هەل و مەرجیکی ئەوتودا چون دەکری ئەم خۆشباوەری‌یانە پوچەل بکرینەوە و بۆ دژایەتی لەگەل ئامانجەکانی ئامریکا لە ئیران و لە هەموو ناوچە دەنگی ئیعتراز و خەباتی جیاواز، لە بەراورد لەگەل جەریاناتی سیاسی ئیسلامی و خودی کۆماری ئیسلامی بەرز بکریەتەوە؟

**ئیبراهیمی عەلیزادە:** لەوەدا کە ئامریکا ئازادی و ئاسایش و بەرابەری بۆ خەلکی ئیران بەدیاری ناهینی، هیچ گومانی تیبدا نیە. ئەزموونی روو بە رووبوونەوەی ئامریکا لە گەل دەولەتی عیراق لە دوازدە سالی رابردوودا، بۆ خەلکی ئیرانیش دەرسی بەنرخی تیدایە. گەمارۆی ئابووری و شەر، ئەم ولاتەی کاول کرد و ئەمرۆ پاش هەموو رەنج و ئازار و قوربانی‌دان دەبینن ئەوەی کە بەهیزی خەباتی راستەوخۆی خۆیان بەدەستیان نەهیناوە، لە ئاکامی بەریوە چونی سیاسەتەکانی ئامریکا لەعیراق دەست نایە.

بی‌گومان ئەم مەسەلەیە حەساسییەت و گرینگی تایبەت بەخۆی هەیە و کاری وشیاری دەرانەی پر تاقەت و سەمیمانە و گەشە کردنی وشیاری سیاسی بۆ وەلامدانەوە بەو مەسەلەیە گرینگی‌یەکی یەك جار زوری هەیە. بەلام خەلك کاتیك رزگاری خۆیان بە دەخالەتی ئامریکاوە دەبەستنەوە کە متمانە و هیوا بەوەی کە بە هیزی خویان دەتوانن رزگار بن لە دەست دابی. خۆش باوەری بەرانبەر بە سیاسەتەکانی ئامریکا لە ئاکامی پاشەکشەی جەماوەر لە مەیدانی خەباتی سیاسی پەرە

دەستێنی. لە ئێران ئیمکانی ئەوەی کە لەڕێگای سەرهەلدانیکی جەماوەری و شورشگێرانە وە ڕژیمیکی لایەنگری ئامریکا بێتە سەر کار، نیە. گەراندنەوەی متمانە و باوەر بە هیزی خۆ بو ناو جەماوەر ئەمریکی مادیـیە و ئەمەش بە خو ڕیکخستن لەناو جەرگەی بزووتنەوەیەکی بەهیزی کۆمەلایەتیدا بەدی دیت.

سەلتەنەت خوازان، ناسیونالیستەکان و تیکرای دەستە و تاقمی لەم چەشنە هەول دەدەن خویان ماشینی جەنگی ئامریکاوە هەلاوەسن و لەم ڕیگایەوە لەئیران بە پلە و دەسەلاتیك بگەن. ئەمانە لە ڕاستیدا ئاسۆیەکی ڕوون بۆ خۆیان لە ئاکامی گەشەی بزووتنەوەیەکی ڕادیکالی کۆمەلایەتی لە ئێران نابینن. بۆ گەیشتن بە دەسەلات ئەوە تەنیا تەوەهومیکە کە ئەوانە دەتوانن دلی پی‌خۆش بکەن.

ئامریکا لە ئێران بەرژەوەندی خۆی تەعقیب دەکات و بەرژەوەندییەکانی ئامریکا و زۆربەی خەلکی ئێران یەکیك نیە. ئەوەی کە سیاسەتی ئیمە لە سیاسەتەکانی ئامریکا و... جیا دەکاتەوە، ناوەرۆکی ڕزگاری بەخش و چینایەتی ئەو سیاسەتەیە.

ئیمە پشتمان بە خەباتیك بەستوە کە دەی هەوی لە بناغەوە کۆمەلگا بگۆری. ئەگەر چینی کریکار خۆی بیتە مەیدانی خەباتی ڕاستەوخۆ بۆ گەیشتن بە ئامانجە چینایەتییەکانی ئەوا بە ئاسانی جیاوازی بەرژەوەندییەکانی خۆی لەگەل سیاسەتەکانی سەرمایەدارانەی ئەمپریالیستی لەئێران دەناسی. ژنی ئێرانی ئەگەر پشت بە بزووتنەوەی بەهیزی خۆی ببەستی، نایهەوی بەوجۆرە ڕزگاری ببی کە ژن لە ئەفغانستان بەدەستی ئەرتەشی ئامریکا ڕزگاری بوو. ئیستاش دیاردەی پیاوەرنی، توندوتیژی و سوننەت و مەزهەب و یاسا و ڕیسا لەسەر بنەمای پیکهاتەی عەشیرەیی و تایفەیی، لەسەر شانی قورسایی دەکەن. ئەگەر خەلکی زەحمەتکیش و ستەم لیکراوی کوردستانی ئێران لە دەوری ستراتیژی کۆمەلە کۆبنەوە و خۆیان لە ڕاهەل و پەوی فیکری و سیاسی ناسیونالیستەکانی ورد و درشت ڕزگار بکەن، تووشی خۆشباوەری بەرانبەر بە ڕزگاری لەژێر چەتری ئامریکا نابنکە وابی چ کردنەکان ڕوونن هیزەکانی مادی بۆ ئەنجامدانیان هەر لەو کۆمەلگایە دا وجوودیان هەیە. بی‌گومان ڕەوتیکی ئەوتۆ پشتیوانانی بە هەستی خۆی لەئاستی جیهانیدا لە ڕیزی میلیونەها ئینسان کە نایانهەوی چاوەدیرانیکی بی‌دەنگی ئەو نەهامەتیانە بن کە سەرمایەداری ئەمپریالیستی لە گوشە و کەناری جیهاندا وەریی دەخات، پەیدا دەکات.

کۆمەلە لەم باوەڕەدا گەلیك سوننەتی بەنرخی هەیە. لە ڕۆژەکانی پاش هاتنە سەرکاری حکومەتی ئیسلامی کە پروپاگەندەی دژی ئامریکایی کۆماری ئیسلامی دەگەیشتە ئاسمان، کۆمەلە ڕیگای شورشگێرانەی خۆی پیوا و نەکەوتە ژێر کاریگەری شیعاری د ژایەتیکی ڕوالەتیانە و غەیرە کۆمەلایەتی لە گەل ئەمپریالیسم کە ئەوکاتە گەلیك باو بو. ئەو دەورەیە بۆ دیفاع لە خەلکی ئازادیخوازی کوردستان و مافە سەرەتاییەکانی خەلکی زەحمەتکیش و ڕیکخستنی خەباتی ئەوان لەدژی حکومەتی ئیسلامی تووشی گۆمان و دوو دلی نەبوو. کۆمەلە هەرگیز خۆی لەم موقعیەتەدا نەدیت کە لەم ململانێیەدا یان لە بەرەی کۆماری ئیسلامی لەدژی ئامریکا قەرار بگری و یان بەڕیزی ئامریکا لەدژی ڕژیمی ئیسلامی پەیوەست بی. کوردستانی ئێران لەئاکامی ئەم سیاسەتە و کاری وشیاری دەرانەی کۆمەلە، ویرای بردنە پیشی خەباتیکی لیبراوانە لەدژی حکوومەتی ئیسلامی هەرگیز نەبوو بەپایگا و بنکەیەك بۆ دەست تیوەردانەکانی ئامریکا لە ئێران. ئەمڕۆکەش داهاتووی ڕوون هەر لەم ڕیگایەوە دەستەبەر دەبی.

*

پاشماوەی لاپەڕەی ١

## ڕژیمی کۆماری ئیسلامی و ...

ئیسلامی ناوی دەر کردوە بەر لە هەموو شتیك لە هەولی ئەوە دایە کە شکستی سەرشۆرانەی خوی لە جەریانی هەلبژاردنی مەجلیسی شەشەم قەرەبوو کاتەوە. بەلام مەسەلەکە بۆ ڕەفسنجانی هەمووی هەر قەرەبوو کردنەوەی شکستە سیاسی‌یەکانی ڕابردووی خوی نیە. ڕەفسنجانی بە هینانە گوری ڕیفراندوم و ڕاپرسی گشتی وەك ڕیگایەك بۆ چارەسەری کیشەکانی نیوان ئێران و ئامریکا، لە هەل و مەرجیك دا کە زۆرینەی خەلکی ئێران خوازیاری عادی کردنەوەی پەیوەندی نیوان ئێران و ئامریکان لە هەولی ئەوە دایە تا بۆ ڕژیمەکەی کە لەسەر دەریایەك لە نەفرەت و بیزاری خەلك دریژە بە ژیانی نگریسی خوی دەدا مەشروعییەت وە دەست بینی.

بەلام هەول و تەقەلای ئەم داوییانەی ڕەفسنجانی کە لەباری میژوییەوە ناوی خوی لەناو ڕیزی پاوان خوازانی ناو ڕژیم دا سەبت کردوە و زۆر جاریش هەول دەدا کە خوی وەك کەسایەتییەکی سەربەخۆ نیشان بدا، هەر دوو بالی دەسەلاتداری ناو ڕژیمی کۆماری ئیسلامی نیگەران کردوە. بەلام نیگەرانی بالەکانی ناو ڕژیم لە هەلس و کەوتی ڕەفسنجانی بە مانای نەیاری و مەخالیفەت لەگەل پەیوەند گرتن و وت و ویژی ڕەسمی لەگەل ئامریکا نیە. هەر دوو بالی دەسەلاتداری ناو ڕژیمی کۆماری ئیسلامی خوازیاری وت و ویژ و پەیوەندی ڕەسمی لەگەل دەولەتی ئامریکان، بەلام لە هەمان کات دا هەر دوو بالی ناو ڕژیم ئامادەن تا کوسپ و تەگەرە بخەنە سەر ڕیگای یەکتر بۆ پەیوەندی گرتن لەگەل دەولەتی ئامریکا تا ڕەقیبەکەیان لە ڕیگای ئەم پەیوەندی گرتنە بۆ بەهیز کردنی جێ پێ و مەوقعییەتی خوی لەناو دام و دەزگای دەسەلاتی سیاسی لە ئێران کەلك وەر نەگری . لە ڕاستیدا شەری ناو بالەکانی ڕژیم لەسەر ئەوەیە کە کام لەوان ئیبتکاری عەمەلی دەست پێکردنی وت و ویژی ڕەسمی لەگەل دەولەتی ئامریکا بە دەستەوە دەگرن.

بەلام سەرەڕای ئەو هات و هاوارانەی کە بەعزیك لە سەران و کار بە دەستانی دوو بالی دەسەلاتداری ناو ڕژیمی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە مەترسی ئامریکا و ئەگەری هیرشی نیزامی ئامریکا بۆسەر ئێران وەرییان خستوە، ئەم ئیدعایانە بناغەیەکی مادی نیە. سیاسەتی ئامریکا ڕوخاندنی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی نیە. ئامریکا باش دەزانی کە ئاکامی هیرشی نیزامی بۆسەر ئێران جگە لە ناسەقامگیری و لەدەست دانی کونترول بەسەر بارودۆخی ئێران هیچ ئاکامیکی‌تری نابی. ناسەقامگیری لە ئێران لە ڕوانگەی قازانج و بەرژەوەندی ئامریکاوە نە تەنیا وەزعی ئێران بەرەو چارەنوسیکی نادیار دەبا بەلکو وەزعی ناوچەکەش دەخاتە ژێر کاریگەری خوی و بازارەکانی نەوت و وزەش توشی گیژاوە و ناسەقامگیری دەکا. دەر ئەنجامەکانی هیرشی نیزامی بۆسەر ئێران بۆ کار بە دەستانی ئامریکا ڕوون نین، هەر بویە ئامریکا لە تەداروکی هیرشی نیزامی بۆسەر ئێران خو دەپاریزی.

ئامریکا لە هەولی ئەوە دایە کە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە جیهەت وەلام دانەوە بە قازانج و بەرژەوەندی‌یەکانی سەرمایەداری ئامریکا ئیسلاح کا، بی‌هینیتە ژێر ڕکیفی سیاسەتەکانی خوی و ڕامی کا. ئامریکا بە مەبەستی بردنە پیشی سیاسەتی ڕام کردن و هینانە ژێر ڕکیفی ڕژیمی ئیسلامی هەر جار نا جاریك مەسەلەی هەول و کوششەکانی ڕژیمی ئێران بۆ دەست ڕاگەیشتن بە چەکی ئەتومی دینیتە گوری و بەرزی دەکاتەوە. یا هەرەشە و گورەشە توندوتیژەکانی لە ڕژیمی ئێران لە جیهەت کوتایی هینان بە هاوکاری و پشتیوانی و تەیار کردنی ڕەوتە تیروریستی‌یە ئیسلامی‌یەکان لە بزوتنەوەی فەلەستین کە لە دژی دەولەتی ڕەگەزپەرەستی ئیسرائیل فەعالییەت دەکەن دوپات دەکاتەوە.

ئامریکا زۆر جار لەڕێگای نفوزیك کە بەسەر ولاتانی ساحیلی دەریای خەزەر هەیەوە هەولی داوە تا ڕژیمی ئیسلامی ئێران لە باس کردن لەسەر دابەش کردنی سنورە ئاوی و ژێرئاوی‌یەکانی دەریای خەزەر بەتاق خاتەوە، و یا هەرکات کە بە پیویستی زانیوە جەنجالی سێ دورگەکەی خەلیجی فارسی زیندو کردوەتەوە.

ئیستا ئامریکا بە داگیرکردنی عیراق و تەکمیل کردنی حەلقەی گەمارۆی ئێران لە هەل و مەرجیکی لە بارتر لە جاران دەتوانی سیاسەتەکانی خوی سەبارەت بە ڕژیمی ئێران دریژە پێبدا.

لە هەل و مەرجیکی ئاوا دایە کە دریژەی سیاسەتی زەخت و زۆری ئامریکا بۆسەر ڕژیمی ئێران دەتوانی ئەو تەوەهومە لەنیو بەشیك لە کۆمەلانی خەلکی ئێران پیك بهینی کە ئەوە ئامریکایە، هەر ئەو جۆرەی کە ڕژیمی عیراقی ڕوخاند، ڕژیمی کۆماری ئیسلامیش لە ئێران دەروخینی.

هەر ئەمرو بەشیکی زۆر لە ئوپوزیسیونی بورژوازی ئێران و لەوانە سەلتەنەت تەلەبەکان، مەشروتە خوازەکان و بەشیکی زۆر لە ئوپوزیسیونی لیبرالی ئێرانیش بە شیوەیەکی شەرمیونانە هەر ئەم چەشنە تەوەهوماتە تەبلیغ دەکەن و بلاوی دەکەنەوە. زەرەر و زیانی ئەم چەشنە تەبلیغاتە ئەوەیە کە کۆمەلانی خەلك لە حالەتی چاوەڕوانی و بە هیوای پیك هاتنی ئال و گور لە سەرەوە ڕادەگری. ئەم چەشنە تەبلیغاتە شور و شەوقی خەباتکارانە و ڕوحیەی پشت بەستن بە خەبات و موبارزەی یەکگرتوانە و ڕاستەوخو لەناو کۆمەلانی خەلکدا دادەمرکینیتەوە و بە جیگای هاندانی خەلك بۆ خەبات و موبارزە لەدژی کۆماری ئیسلامی خەلك لە چاوەڕوانی ئەوەدا ڕادەگری کە ئاخو کەی هیرشی ئامریکا بۆسەر ئێران دەست پێ‌دەکا.

ئەوەی کە ڕوون و ئاشکرایە و تەجروبەی عیراقیش بە باشی نیشانیدا، ئامریکا لە ئێرانیش بە شوین قازانج و بەرژەوەندی‌یە ئەمپریالیستی‌یەکانی خویەوەتی. خەلکی ئێران نابی بۆ ڕزگار بوون لە چنگ دیکتاتوری مەزهەبی کۆماری ئیسلامی و دوزەخیك کە ئەو ڕژیمە بوی بەرپا کردوون بە ئامریکا ئومید ببەستن.

کریکاران و کۆمەلانی خەلکی ئێران بۆ کوتایی هینان بە عومری ڕژیمی کۆماری ئیسلامی و بۆ گەیشتن بە کۆمەلگایەکی ئازاد و بەرابەر هەر دەبی بەهیزی خەبات و موبارزەی یەکگرتوانەی خویان پشت ئەستور بن.

*

پاشماوەی لاپەرەی ١

## با به یارمەتی دانیشتوانی ...

ئۆردۆن پیش بەچوونی ئەوان بۆ نیو خاکی خۆی دەگری و ئەوەش لە حالیکدایە کە پەنابەران زیاتر لە مانگیکە لە دژوارترین هەل و مەرجی ژیان و بیهداشتی و ئەمنیەتی دا قەراریان گرتوە. هەر ئیستا پەناخوازانی ئیرانی لە بێ چارەنووسی و سەرگەردانیدا بەسەر دەبەن و لە هەموو لایەکەوە ریگای رزگار بونیان لی داخراوە.

هەر چەند کومیسariyای بەرزی پەنابەران لە بارودوخی نالەباری ئەم پەنابەرانە ئاگادارە، بەلام تا ئیستا هەنگاویکی کاریگەر و بەکردەوەی لە پیناو رزگار کردنی گیانی ئەم کەسانە هەلنەگرتوە.

ئەمرۆکانە دەبی دانیشتوانی ئەلتاش لەریزی بێبەش ترین و هەژارترین و بێمافترین کەسانی سەررووی زەوی حیسابیان بۆبکرێ! ئەوان لە لایەن ریکخراوە بەشەر دوست و ناوەندە نیونەتەوەیی و دەولەتیەکانەوە هیچ بایەخ و سەرەنجیان پێنەدراوە و هەست و سۆز و پیداویستییە سروشتییەکانی ئەوان بەهیچ دادەندرێ. ئەگەر چاویك لە ئوردوگا و ئاستی ژیانی بنەمالەکانی نیشتەجیی ئەلتاش بکەین و لە نزیکەوە بیبینین سیمای ژیانی ئەو ئینسانانە دەبینی کە زیاتر لە گۆری مەرگ دەچی و جیگای داخە کە بە چ شیوەیەك داهاتووی نادیار و چارەنووسی نامەعلوومی ئەم زولم لیکراوانە لە ئاسویەکی تاریك و خۆیناویدا ئاوا دەبی و لەناو دەچێ.

دووشەری ویرانکەر و نەخوازراو ئەم کەسانەی کردۆتە قوربانی و فیدای دلرەقی و ئارەزووەکانی بورژوازی مەحەلی و جیهانی بوون و خەریکە لە ناو دەچەن. لە سەرەتای سالانی حکومەتی ئیسلانی ئیران، دانیشتوانی ئیستای ئەلتاش، سەرزەوی و مەزار و مالی خۆیان کە ببوە مەیدانی شەری کۆنەپەرستانەی هیزەکانی ئیران و عیراق، بەجی هیشت و لە ئاکامدا ئاوارەیی و دەربەدەری بە بەشیان براو بە ناچار و وەك کۆیلە لە بیابانی بەرەهووتی رۆمادیەی عیراق نیشتە جێ بوون. هەرچەند وەك دیای شەر حیسابیان بۆنەدەکرا ، بەلام لە مافەکانی دیلیکی شەر و خزمەتگوزاری ئینسانی گونجاو لەگەل کۆنوانسیۆنەکانی ریکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان و مافەکانی بەشەر بێبەش بوون و ئەوان لەو پەری هەژاری و بیبەشیدا بەرپرسی ژیان و مانی خۆیان بوون.

حکومەتی عیراق بە مەیدان پێ بەرتەسك کردنەوەی جۆراوجۆر لەوانە قەدەغە کردنی هات و چو لە دەرەوەی چوارچیوۆەی جوغرافیایی کە بۆیان دیاری کراوە پیش گرتن لە چونیان بۆ ناوەندەکانی بەرهەم هینان و شوینی خەلك، و بەکردەوە ریگای پێنەدەدان کە لەسەر کار دابمەزرین و یان کاریك بدۆزنەوە و لەناو تەل دروەکانی شوێنی ئوردوگادا ئەسیر و حەبسی کردبوون. کار و ئەرکی خزمەتگوزاری وەك ئاموزشی، بیهداشتی، فەرهەنگی و زیستی و تەنانەت خزمەتگوزاری پیشکەوتوانەی وەك روناکایی و پرووژەی لولەکشی و فازلاب ئەوندە بیبایەخ، سەرەتایی و بەرتەسك بوە کە ژیانی دژوار و پرلە نەهامەتی بۆ ئەوان بەدیاری پێبوە.

پێراگەیشتنەکانی دەفتەری کومیسariyای پەنابەرانی سازمانی ملەل بۆ دانیشتوانی ئوردووگای ئەلتاش کەمتر لەو ئاستە بوون کە لەگەل رێ و شۆینە دیاری کراوەکانی خۆدی ئەو سازمانەش یەك بگریتەوە. دەفتەری نۆینەرایەتی UN لە ئوردووگاکە هەر چەند پرووژە و بەرنامەی جۆرواجۆری لە دەستوری کاری خۆی داناوە بەلاّم زۆربەی ئەوان لایەنی رەوالەتیانە و سمبولیکی هەیە و ئاکامی مادی لی نەکەوتۆتەوە. لە چاوپیکەوتن و پەیوەندی گرتن لەگەل شورای هەلبژیراوی دانیشتوانی ئوردوگا بۆ چارەسەری گیروگرفتەکان خۆ دەبویری و پیی باشتر بوو کە لەگەل نوینەرانی دیاری کراوی ئورگانە ئەمنیەتیەکانی حکومەتی عیراق چاوپیکەوتن و وت و ویژ بکات. دەفتەری UN لە بەری کردن و رەوانە کردنی پەنابەران بۆ ولاتی سیهەم بە پاریزەوە و بە کەمی هەنگاوی هەلدەگرت بەجۆریك کە لە ماوەی ٢٥ سالدا بە نیسبەت جەمعیەتی ئوردوگا، ژمارەیەکی کەمی رەوانەی ولاتی ئورووپایی و شوینەکانیتری جیهان کردوە، بەو تیبینییەوە کە لە قوناغی تایبەتدا سەبارەت بە بەری کردنی پەنابەران بە وردبینییەوە هەنگاو هەلنەگیراوە و دیاری کردنی کەسەکان بەپیی سەلیقەیی و پەیوەندی نزیك و بەرتیل جیگای ئوسوول و ری و شوینەکانی گرتۆتەوە.

دەفتەری کومیسariyای پەنابەران لە عیراق لە ماوەی ئەو سالانەدا بۆ رەوانە کردنی ئەو دەستە لە پەنابەران کە هۆگری گەرانەوە بۆ ئیران بوون، ئیقداماتیکی کرد و لەسەرەتای ئاگربەستی ئیران و عیراق ژمارەیەك لە پەنابەران بۆ سەرزەوییەکانی خۆیان گەرانەوە، لەم پەیوەندییەشدا دەفتەری کومیسariya بە تەرخان کردنی لانی کەمی ئیمکانات هەنگاوی هەلگرت و نە تەنیا ئیمکاناتی مالی کەمی لە ئیختیاری پەنابەران دانا بەلکوو دابین بوونی وەزعییەتی ئەوانیشی لە داهاتوودا لە ئیران لە بەرچاو نەگرت. هەر ئیستا ماوەی نزیك بە سالیکە کە نزیکەی ٤٠٠ بنەمالە حازرن بگەرینەوە ئیران، کە بە داخەوە بوون بە ئامرازی دەستی سات وسەودای سیاسی لایەنە ئیرانی و عیراقییەکان و ریکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان نەیتوانی بە لیبراوییەوە راسپاردە بەکەلکەکانی حقوقی بەشەر بۆ ئەوان دابین بکات.



بەدەست پیکردنی شەری ئەمپریالیستی ئامریکا و ئینگلیس لەدژی عیراق، دانیشتوانی ئوردوگای ئەلتاش لەگەل چارەنووسیکی شووم و دژوار بەرەورووبوونەتەوە. هەلبەتە ئەمجارەیان دژوارتر و ترسناکتر، بی ئەوەی پشتیوانیان هەبی و بیبەش لە هەرجۆرە پشتیوانیەکی ئینسان دوستانە. ١٤ هەزار کەس لە دانیشتوانی ئوردوگای ئەلتاش هەر ئیستا لەگەل هەرەشەی نائەمنی و بی سەرەوبەرەیی سەرچاوەگرتوو لە بوونی دەسەلاتیك لە عیراق بەرەوروون. لەلای هەلگیرسینەرانی شەر لە عیراق ئەمنیەت و دابین بوونی پیداویستی ژیانی ئەوان هیچ سەرنجی پینادری.

هەرەشەی دەستە و تاقمی چەکداری تالانکەر، بۆ تالانکردن و زەوت کردنی ئەموالی ئەوان دیاردەیەکی جیددییە و نابی لە بەرچاو نەگیری. ئەگەر کومیسariyای پەنابەرانی سازمانی ملەل بۆ دابین بوونی ئەمنیەت و پاراستنی گیان و مالی ئەوان هەرچی زووتر کاری یارمەتی گەیاندن بەم ئاوارانە دەست پی نەکات، سەرهەلدانی کارەساتی ئینسانی بەدوور نیە. بە گیروگرفتیك کە بۆ UN لە عیراق هاتوتە پیش، نیگەرانی لە وەدواخستن و پی راگەیشتنی بەوەخت پەرە دەستینی، بە تایبەت ئەوەی کە دەفتەری کومیسariyای پەنابەران لە بەغدا داخراوە و تەنانەت کەل و پەلەکانی تالان کراوە و شوعبەی دەفتەری ناوبراو لە سلیمانیە چاوەروانی تەسمیمەکانی بەرپرسانی ریکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکانن سەبارەت بە رەوتی کار و چالاکیان کە کۆبوونەوەکانی لە رۆژی ١٧ و ١٨ ئاوریل لە قیبرس بەریوە دەچیت. هەر بۆیە جیی خۆیەتی بانگەوازی تەواوی ناوەندەکانی یارمەتی گەیاندن و ریکخراوە ئینسان دوستەکان بکری بە مەبەستی ئەنجامدانی ئیقداماتی پیویست و بە پەلە بەرانبەر بە رزگار کردنی ئەو ئینسانانە کە بیپشتیوان و بی سەرپەنا دەژین بۆ ئەوەی هەرچی زووتر نیگەرانیەکانی ئەم ستەم لیکراوانە و قوربانیانی سیاسەتەکانی بورژوازی ئیران و ناوچەکە برەویتەوە.

*

پاشماوەی لاپەرەی ١

## پاراستنی سەلامەتی جیسمی...

لە ئوستانی قوم ٧٦٠٠ کارگای فەرش چنین هەیە کە ٢٧٥٤ کارگا هەل و مەرجی تەندروستییان بۆ رەچاو نەکراوە و تا ئیستا ٥٧٣ کارگا لە چوارچیوەی گەلالەی "بەقا" باشتر کراون و ٧٦٤ فەرش چنیش چاوەدیری پزیشکیان بۆ ئەنجام دراوە.

بەپیی قەرار ئامانجی ئەم تەرحە، پەرەپیدانی سلامەتی لەشی فەرش چنانە، بەلام ئایا بە راستی لەریگای ئەم گەلالەوە، وەزارەتی تەندروستی دەتوانی دەردیکی ئەم کۆمەلە کریکارە دەرمان بکا؟ کاری قورس و تاقەت پروکین، سەعات کاری دریژ، حەقدەستی کەم، خواردنی نالەبار و کەم، شوینی کاری بە تەواوی غەیرە بیهداشتی و ئیمکاناتی کەم، گیروگرفتیتری ئەم بەشە لە کریکارانە و هەروەها بە سەرنج دان بەوەی کە زۆربەی زۆری ئەم کارگایانە قانوونی کار نایانگریتەوە، چونکە زۆربەی ئەو کارگایانە کەمتر لە ١٠ و ٥ کریکاریان هەیە کە دەولەتی پاریزەری سەرمایەداران، دەستی خاوەنانی ئەمجۆرە کارگایانەیان لە سەپاندنی توند و تیژی زیاتری هەل و مەرجی غەیرە ئینسانی بەسەر کریکاراندا، ئاوەلاّ هیشتۆتەوە. لە حالیکدا کە ئیدارەی کار بە پشتیوانی مەجلیس و دەولەت، ئیمتیازیکی ئەوتۆی بە خاوەنی ئەو کارگایانە داوە، چۆن ئیمکانی هەیە وەزارەتی بیهداشت سیاسەتیکی سەربەخۆ لە دەولەت و مەجلیس و ئیدارەی کار بگریتە بەر؟ گەلالەی وەزارەتی بیهداشت زیاتر لایەنی خۆ دەرباز کردن و رۆالەتیانەی هەیە و دەردیکی کریکاران دەرمان ناکا.

زۆربەی کریکارانی ئەم بەشە لە منالان و تازە لاوان پیك هاتوون. زۆربەی ئەم کریکارانە بەهۆی هەژاری و گیروگرفتی ئابووری بنەمالەکانیان، نزم بوونی ئاستی ژیان و بەریوەچوون و سەرنج نەدانی دەولەت بۆ دابین کردنی هەزینەی گرانی خویندن، واتە خویندنی بەخۆرایی وەك دریژەدان بە خویندن و هەروەها پر ناوەرۆك نەبوونی شوینی خویندن و مەدرەسەکان، بە تەواوی ئەم بەشە لە منالان بەجیگای خویندن و مەدرەسە و ئاموزش و کایەی منالانە، روو دەکەنە ئەمجۆرە کارانە. بەجیگای سۆز و خوشەویستی و کردەوەی نەرم نواندن، رەفتاری توندوتیژ و نالەباری وەستا کار و خاوەن کاران دەبینن. بەجیگای یاری و کەرەسەی منالانە بۆ یاری کردن، لەگەل ئامراز و کەرەسەی فەرش چنین سەر و کاریان هەیە. بەجیگای ئەوەی کاتەکانی خۆیان لە پشتی میزی قوتابخانە و شوینی ئاموزش تیپەر بکەن، بۆ ماوەی دوور و دریژ لە شوینی غەیرە بیهداشتی و لە خراپترین و دژوارترین هەل و مەرجدا و خۆراکی کەم و نالەبار رۆژگار تیپەر دەکەن و بەهۆی دانیشتنی دریژ ماوە لەسەر کار پاش ماوەیەکی زۆر تووشی دەیان نەخۆشی و لەوانە ئازاری پشت دەبن.

به هەر حال لە سیستم و فەزایەکی ئەوتۆ لە کاری تاقەت پروکین، لە بواری لەش و بارودۆخی نالەباری روحی و

دەرونی، وەزارەتی بیهداشت بەم تەرحەی ناتوانی کاریکی گونجاو و لەبار بە مەبەستی ساغ و سلامەتی جسمی ئەو کریکارانە راپەرینی. سەرەرای ئەوەی کە سەنعەتی فەرش لە ئیران ناو بانگیکی جیهانی هەیە و یەکیك لە سادراتی گرینگی ئیرانە بەلام هەل و مەرجی کریکارانی ئەم بەشە بە تەواوی نالەبار و دژوارە. سەرەرای ئەوەی کە لە کۆنەوە ئەم پیشەیە لە ئیران پەرەی گرتوە بەلام دەبینین کە بە چ رادەیەك دەولەت سەرنجی بە کریکارانی ئەم سەنعەتە نەداوە.

ماڤ رەوای کریکارانی فەرش چنە کە لەژیر چاوەدیری ریك وپیکی پزیشکی‌دا بن. کەم کردنەوەی سەعاتی کار بەلانی زۆر ٨ سەعات لە رۆژدا، بیهداشتی بوونی شوینی کار، کۆنترول و چاوەدیری ئەم شوینانە لەلایەن نوینەرانی کریکاران و سزادانی خاوەنی کارگاکان ئەگەر سەرپیچی لە یاسا بکەن، زیاد کردنی حەقدەستی گونجاو بەرانبەر بە پەرەگرتنی ئاوسان و چارەسەر کردنی گیروگرفتەکانی کۆمەلگا لەو ئەرکانن کە یارمەتی بە چوونە سەری ئاستی ساغ و سلامەتی جسمی کریکارانی فەرش چن دەکات.

بوونی ریکخراوەی سینفی کریکاری کە بتوانی لە مافە پێشیل کراوەکانی ئەم کریکارانە دیفاع بکات، ئەرکیکی پیویست و زەرووری‌یە. هەلسووراوان و پیشرەوانی کریکاری و کریکارانی دلسۆز و هەلسووراوانی بزووتنەوەی کریکاری لەم بەشانەدا دەبی لە فکری پر کردنەوەی ئەم کەلەبەرەدا بن و بە مەبەستی هەلوەشاندنەوەی قانوونی کارگا چوار کەسی‌یەکان و ئیستاش کە دەیانەوی بە ئاستی کارگا ١٠ کریکاری‌یەکانیش بەرزی بکەنەوە، خەباتی خۆیان ریك بخەن.

ئەرکی دەولەتە ئیمکانات و ئاسانکاری و هەل و مەرجیك برەخسینی کە منالانیك کە بەهۆی هەل و مەرجی نالەباری ئابووری ناچار بە کار کراون و لە خویندن و مەدرەسە بێبەشن، بە یارمەتی دان بۆ دابین کردنی ژیانی ئابووری‌یان منالان بۆ شوینەکانی دەرس خویندن و مەدرەسە بگەریننەوە.

# راپورتە هەوالەکانی کوردستان و ئیران

## سەقز:

### مانگرتنی رانندەی تاکسی‌یەکانی شاری سەقز

بە پیی هەوالیك کە لە شاری سەقزەوە بە دەستمان گەیشتوە رۆژی دوشەممە ١٨ی خاکەلیوەی ١٣٨٢، رانندەکانی ١٤٨تاکسی لە بەردەرکی ئیتحادیەی تاکسی رانانی ئەو شارە مانیان گرت. هەوالی مانگرتنی رانندەی تاکسی‌یەکان بە زوورترین کات لەناو شار دا بلاو بۆوە. بەرپرسانی رژیم لە شاری سەقز بە بیستنی ئەو هەوالە یەکیك لە کەسانی حەراسەتی شارەداری بە ناوی ئەکبەری لەگەل چەند مەئموری دیکەیان بۆ شوینی مانگرتنی رانندەکان رەوانە کرد. ناوبراو داوای لە رانندە مانگرتوەکان کرد کە کۆتایی بە مانگرتنەکەیان بینن و ئەو شوینە چول کەن. وەفا نەقشبەندی نوینەری تاکسی‌داران کە لە کۆبونەوەی مانگرتوەکان دا بەشدار بوو، قسەکانی ئەکبەری بەکریگیراوی تەئید کرد. بەلام رانندەی تاکسی‌یەکان گوێیان نەدا بە قسە و هەرەشەکانی ئەوان و ئیعترازەکەی خۆیان بۆ ماوەی ٢ سەعات لە سەعات ٩/٥ تا ١١/٥ی بەیانیەوە دریژە پێدا.

لە کۆتایی ئەو مانگرتنە دوو سەعاتەدا تاکسی رانانی نارازی خواستەکانی خۆیان بە شیوەی بریارنامە و لە ٥ بەند دا راگەیاند و خوازیاری پێراگەیشتنی بەرپرسانی رژیم بەو بریارنامەیە بوون.

خواستەکانیان بەمجورە بوون:

١- چوونە سەری کرێ تاکسی‌یەکان بەپیی تەوەرومی سالی ١٣٨٢.
٢- چوونە دەری ئوتوبوسەکانی شارەداری لە ناوەندەکانی ناو شار
٣- بیمە کردنی تەواوی ئەو کەسانەی کە لەسەر تاکسی کار دەکەن.
٤- پیشگیری لە کار کردنی ماشینە شەخسی‌یەکان.
٥- دیاری کردنی مەسیری تاکسی‌یەکانی ویژە.

مانگرتوان لە کۆتایی ئەو بریار نامەیەدا رایانگەیاند ئەگەر دەولەت خواستەکانیان وەدی نەهینی لە زوورترین کات دا لە بەر دەرکی یەکیك لە ئیدارە دەولەتیەکان دەست دەدەنەوە مانگرتن و تا گەیشتن بە خواستەکانیان دریژە بە مانگرتنی خۆیان دەدەن.

## ئیلام:

### ٣٠ کەس لە کریکارانی کوشتارگای سەنعەتی ئیلام لەسەر کار دەرکران

مودیر عاملی کوشتارگای سەنعەتی ئیلام رایگەیاند: ٣٠ کەس لە کریکارانی پەیمانکاری ئەو شیرکەتە بەهۆی زەرەر و زیان گەیاندن بە کارخانە لەسەر کار دەرکران. لەتیفی عەلیزادە لە وتوویژ لەگەل ئیرنا وتی: بەپیی ئەوە کە مانگانە ٢٠٠ میلیون ریال زەرەر بەو کوشتارگایە دەگات، کریکارانی ناوبراو بەهۆی ئەوە کە لەکاتی خۆی‌دا قەراردادی تازەیان لەگەل شیرکەتی پەیمانکاری ئیمزا نەکرد لەسەر کار دەرکران.

ناوبراو بە ئاماژە بەوە کە ئیخراجی ئەو کریکارانە لەسەر داوای هەیئەت مودیرەی شیرکەتی بەرهەم هینان و بەستەبەندی بەرهەمەکانی گوشتی ولات سەری گرتوە وتی: حسابەکانی ٦ مانگی ئەو واحیدە سەنعەتیە نیشان دەدا کە کوشتارگای ئیلام لەو ماوەیەدا یەك میلیارد و ٢٠٠ میلیون ریالی زەرەر پی گەیشتوە.

کریکارانی ئیخراجی رۆژی دووشەممە لە ئیعتراز بەو ئیقدامە لەشوینی کوشتارگای ئیلام دەستیان دایە مانگرتن.

ئەوان ئەو تەسمیمەی مودیریەتی کوشتارگایان غەیرە قانوونی لە قەلەم دا و وتیان: زۆربەی کریکارەکان سالانیکە کە لەم شوینە ئەرکەکانیان بەجی هیناوە و ئیخراجی ئەوان لەو هەل و مەرجەدا دەبیتە هۆی سەرگەردانی بنەمالەکانیان.

کریکارانی ئیخراجی هەرەشەی ئەوەیان کردوە کە تا روون بوونەوەی چارەنووسیان و گەرانەوەی دووبارە بۆ سەر کارەکەیان، دریژە بە مانگرتنی خۆیان دەدەن.

مودیر عاملی کوشتارگای سەنعەتی ئیلام وتی: ئەگەر دەولەت مانگانە ١٤٥ میلیون ریال یارانە لە ئیعتباری ئوستانی بدات بەو واحیدە سەنعەتیە، سەرجەم کریکارە لەسەر کار دەرکراوەکان دەتوانن بگەرینەوە سەر کارەکانیان.

## تاران:

رۆژی ١٧ی خاکەلیوە ٤ هەزار کەس لە کریکارانی لەسەر کار دەرکراوی سازمانی فەرهەنگی و هونەری شارەداری تاران لە ئیعتراز بە ئیخراجی خۆیان نارەزایەتی‌یان دەربرێ. ئەو کریکارانە لە رۆژەکانی کۆتایی سالی ١٣٨١دا باز خەرید کراونەوە. کریکارانی ئیخراجی شارەداری چەندین جار سەبارەت بەسەر کار دەرکرنەکان دەستیان داوەتە ئیعتراز و خوازیاری گەرانەوە بۆ سەر کار، یان وەرگرتنی بیمەی بیکاری بوون. لە سالی ١٣٧١وە تا سالی ١٣٧٤ زیاتر لە ١٠ هەزار کەس لە کریکارانی شارەداری تاران ئیخراج کراون و ئەو کریکارانە چەند جار بە تەزاهورات و بەستنی جادەکان و کۆبونەوە لە بەردەرکی شارەداری ئیعترازی خۆیان سەبارەت بە لەسەر کار دەرکردنیان دەربریوە و خوازیاری گەرانەوە بۆ سەر کارەکانیان بوون.

## ئەهواز:

### کۆبونەوەی کریکارانی ئیخراجی دانشگای چەمران لە ئەهواز

رۆژی یەك شەممە ١٧ی خاکەلیوە نزیکەی ٦٠کەس لە کریکارانی لە سەر کار دەرکراوی دانشگای چەمران لە ئەهواز بە نیشانەی ئیعتراز لە بەر دەرکی ساختومانی مەرکەزی دانشگا کۆبوونەوە.

ئەو کریکارانە کە لەناویاندا کەسانیك بە ١٥ تا ٢٥ سال پیشینەی کاری دەدیترا، نارەزایەتی خۆیان لە جیگری فەرهەنگی - دانشجویی دانشگا راگەیاندو خوازیاری دەست لە کار کیشانەوەی هەر چی زوتری مەنسووری زەرا نژاد بوون.

کریکارانی ئیخراجی وتیان: ئەو تەسمیمیە بێ ئەوەی لە پیشدا راگەیەندری سەری گرتوە و ئیمە ئەمرۆ لەسەر کاری خۆمان دەرکراوین و شاهیدی لەسەر کار دانانی کەسانیکی‌ترین. هەروەها وتیان کە: هەلس و کەوتی ئاغای زەرا نرژاد لەگەل ئیمە زۆر نالەبارە تەنانەت یەکیك لە کریکاران کە خوازیاری پێراگەیشتن بەو هەل و مەرجە بو، لەلایەن ناوبراوەوە حوکمی لەسەر کار دەرکردنی راگەیاندرا.

زەرا نژاد لە ولام بە ئیعترازی کریکاران بە هەوالنیرانی راگەیاند: دەولەت بەپیی قانوون ئەو خزمەتانە بە بەشی خسوسی دەکا کە بە شیوەی قەراردادی واگوزار دەکرین و ئەو ئاغایانە پرسنلی بەشی خسوسی و پەیمانکاران و پەیوندی کاری و ئیستخدامی‌یان لەگەل دانشگا نی‌یە.

## کەرەج:

### کۆبونەوەی ئیعترازی کریکارانی کارخانەی سیما چوب

رۆژی ١٦ی خاکەلیوە کریکارانی کارخانەی سیما چوب سەر بە سازمانی سەدا و سیمای کۆماری ئیسلامی لە ئیعتراز بە راگواستنی شۆینی کارخانە لە جادەی کەرەجەوە بۆ جادەی قوم، لە بەردەرکی مزگەوتی سازمانی سەدا و سیما کۆبونەوە. لەو کۆبونەوە ئیعترازیە دا مودیریەتی کارخانە بە دیتنی دەست پیکردنی کۆبونەوەی ئیعترازی کریکار ان، لە چوونە دەری کریکارانی‌تری کارخانە و پەیوەست بوونیان بە کۆبونەوە کە، پیشگیری کرد. لە بەرابەر ئەو زەخت و زورەدا کریکاران رایانگەیاند ئەگەر وەلامی داخوازیەکانیان نەدەنەوە رۆژی دواتر لەگەل بنەمالەکانیان دەست دەدەنە کۆبونەوەی ئیعترازی. بەپیی گوزارشەکان لە ٢٨ی رەشەمەی سالی ٨١وە مودیریەتی شیرکەت لە کارخانە رایگەیاندوە کە لە ٥ی خاکەلیوەوە کریکاران دەبێ لە شۆینی تازەی شیرکەت لە مەنتەقەی فشافویە لە شاروچکەی ئافتابی ٢ حازر بن.

گواستنەوەی کارخانەی سیما چوب، دەبیتە هوی ئیخراجی ٤٠٠ کەس لە کریکارانی شیرکەت و کریکارانیش کە زۆربەیان دانیشتووی شاری غەزالین هەموو رۆژیك بۆ چوونە سەرکاری خۆیان لە جادەی کەرەجەوە بۆ جادەی قوم دەبی هەزینەیەکی زۆرتر بدەن و ماوەیەکی زیاتر سەرفی هاتوو چۆی خۆیان بکەن.

مودیریەتی شیرکەت هەرەشەی لە کریکاران کردوە و رایگەیاندوە کە ئەگەر لە شوینی تازەی کارخانە حازر نەبن ئەوان بە دانی یەك مانگ سەنەواتی حەقدەست باز خەرید دەکاتەوە.

یاسا و هەل و مەرجی دەسەلاتدار لە ئیران دەستی کارفەرمایانی بۆ ئیخراجی کریکاران ئاوالا هیشتۆتەوە. ئەو ئیخراجانە بە سەرنج دان بە نەبوونی بیمەی بیکاری، ژیانی کریکارانی لەگەل کارەسات بەرەو روو کردوە. کریکارانی بیکار بە یەکجاری بەرەو رووی برسیەتی و ئاوارەیی دبنەوە.

خەباتی کریکاران بەدژی لەسەر کار دەرکرنەکان یەکیك لە بوارە گرینگەکانی هەلسوورانی کریکارانە.

## تەوریز:

### هیرشی مەئمورانی شارەداری بوسەر ژمارەیەك لە دەستفروشان لەشاری تەوریز

بەپیی گوزارشیك کە بە دەستمان گەیشتوە، ئیوارەی ٢٣ی خاکەلیوە مەئمورانی شارەداری لە دوو نوبەدا، جاریك سەعات ٦ی ئیوارە و جاری دووهەم سەعات ٨، لە خیابانی شاناز لەشاری تەوریز، هیرش دەکەنە سەر ژمارەیەك لە دەستفروشانی کورد و هەموو کەل و پەلی ئەو دەستفروشانە کە بریتی بوو لە سەعاتی دەستی و ئودکلۆن لێیان ساندوون و لەگەل خۆیان بردوویانە.

ژمارەیەك لە خەلکی شاری تەوریز کە لە شوینی رووداوەکە دەبن، لە مەئمورانی شارەداری وەدەنگ هاتوون کە مەئمورانی شارەداری لە ولامی ئیعترازی خەلك دا پی‌یان وتوون ئەمانە کوردن و لە کوردستانەوە بە مەبەستی وەری‌خستنی شورش هاتوون.

*

WORKERS OF ALL COUNTRIES, UNITE!

# PESHRAW

Fortnightly Paper of the Central Committee of Komala

No. 164 April - 2003

# به پیشوازی ئەوەلی مانگی مەی

## کریکـــاران، ژنـــان و پیـــاوانی ئازادیخواز!

ئەوەلی مـانگی مـەی رۆژی جیـهانی کریکـار کـە بەریوەیـە، رۆژی ئیـوە کریکارانـە، ئەگـــەر هـــەموو رۆژیکی سال، رۆژی کارکردن و چەوسانەوە و ئارەق رشـتنی ئیوەیـــە، رۆژی ئـەوەلی مـانگی مــەی رۆژی حەسانەوەتانە. لـەم رۆژەدا دەسـت و بـازووی ئیـوە چەرخی کارخانـەکان هەلناسوورینیت، لـە کانـەکانی تـەلا و نـەوت و بـەرددا قولینگ لی نـادات، ئەشـغال و خـاك و خـۆلی قـەراغ شـەقامەکان کـۆ ناکاتـەوە. لـە کوورەخانەکان خشت دروست ناکات. دەرکـی مـال و شیشەی پەنجەرە و حەساری سەرمایەداران خـاوین ناکاتـــەوە و بـــاخ، گـــول و شـــوینی رابـــواردن و خۆشگوزەرانی ئەوان ئاوپرژین ناکات. دەستە ناسك و باریکی کیژۆلە چاوگەشـەکانمان لەبـەر دارەتـەوندا فەرشی رەنگاورەنگ بۆ کوشکی خودایانی سەروەت و سامان ناچنیت. لەم رۆژەدا هاوچینـەکانمان لـەناو مووچـــە و مـــەزرا، لـــەناو دار و بـــاخ و زەوی‌دا، گیـــا نادروون، بژار ناکەن و ئارەقی ناچاوی ئەوان، زەوی تینوو و قەلەشاو ئاودیر ناکات.

بـا لـە رۆژی ئـەوەلی مـانگی مـــەی‌دا، بـــە تـــەعتیل کردنی کار، بە پیکهینانی کۆر و کۆبوونەوەی گەورە و چکولـەی جۆراوجۆر، عــەزمی جــەزمی خۆمـان بـۆ خـەبات و تیکوشـان لـەدژی چەوسـانەوە و بی‌مـافی، لـەدژی نابەرابـەری و بی‌عەدالـەتی، لـەدژی سـتەم و زۆرداری و بۆ بونیاتنانی دنیایەکی پر لە شـادی و خۆشی بۆ هەمووان، دنیای بی‌ستەم و چەوسانەوە، دنیـــای ئـــازادی و بەرابـــەری و دنیـــای حکوومـــەتی کریکاری بەهەمووان نیشان دەین.

هاوری‌یانی کریکار، ژنان و پیاوانی خـەباتکار و یەکسـانی‌خواز! ئـەی ئەوانـــەی بـــە شـــوین کـــاردا هـەلوەدای ئـەم شـار و ئـەو شـارن و بـە بیکـاری و بی‌دەرامەدی ژیان دەگوزەرینن، ئەی ئەوانەی هـەموو سـەروەت و سـامان و خۆشـی‌یەکانی ئـەم جیهانــە حاسلی کاری ئەوەیە، بەلام خۆتـان لیـی بی‌بەشـن، ئەی ئەوانـەی خۆتـان و مندالـەکانتان هـەموو رۆژیـك تـامی تـالی برسیتی و هـەژاری و بی‌بەشـی دەچیـژن، رۆژی ئـەوەلی مـانگی مــەی رۆژی جیـهانی کریکـار رۆژی ئیوەیــە. لــەم رۆژەدا دەنگـی خۆتـان لــەدژی هەموو ئەو نابەرابەری و بی‌عەدالەتی‌یانەی لە خۆتان و مال و مندال و هاوچینەکانتان دەچیت هەلبرن. ئەم رۆژە بکـەن بـە رۆژی نارەزایـەتی یەکگرتوانـە، لــەم رۆژەدا ویســـت و داخوازەکانتـــان بەرانبـــەر بـــە سەرمایەداران و دەولەتی لایەنگری ئەوان رابگەیەنن.




رابگەیەنن کار، یان بیمەی بیکاری بۆ هـەموو ئـەفرادی بانـتر لـە ۱۸ سـال، چوونـە سـەرەوەی حەقدەسـتەکان بـەپیی تـەوەروم و گرانـی نرخـی پیداویسـتی‌یەکانی ژیانی رۆژانە، کـەم کردنـەوەی ساعەت کـار، هـەتا ۳۵ سـەعات لـە حـەوتوودا. حەقدەستی یەکسان بـۆ کـاری یەکسانی ژنان و پیاوان، قەدەغە کردنی کاری مندالان، مومنووعییـەتی دەرکـردن و گەرانـەوەی کریکـارانی دەرکراو بۆسـەر کارەکانیـان، پیکـهینانی ریکخـراوەی سـەربەخۆی کریکـاران بـە بی‌دەخالـەتی دەولـەت و سازمانە دژی کریکاری‌یەکانی، هەروەها مافی مانگرتن، دابین کردنی مال و مەسکەنی پیویست بۆ کریکاران و بنەمالەکانیان، سرویسی هات و چوو بۆ کریکاران بە خەرجی خاوەنکارەکان و زۆر شتی دیکە.

کریکاران، ژنان و پیاوانی ئازادی‌خواز!

با ئەم داخوازانە بکـەین بـە ویسـت و بریارنامـە لـە مەراسمەکانی ئەوەلی مانگی مەی‌دا. ئەوەلی مانگی مەی رۆژی ئیمە و رۆژی راگەیاندنی داخوازەکانمان و رۆژی خـەبات و هاوپشـتی چینایەتی‌مانـە. بـە هاوپشـتی و وشیاری سیاسی و چینایەتی دەتوانین بەسـەر نیزامی کۆیلەتی و کری گرتەی سەرمایەداری‌دا سەر کەوین.

**بژی ئەوەلی مانگی مەی**
**بژی هاوپشتی جیهانی چینی کریکار**
**بژی حکوومەتی کریکاری**

## پـــیـــشـــرەو

ئورگانی کومیتەی ناوەندی
سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران
( کۆمەلە )

گۆڤاریکی سیاسی ۱۵ رۆژەیە.

ئـادرەس لـە دەرەوەی ولات:
R . K
P . O . BOX 3015
14503 NORSBORG
SWEDEN
فـاکـس: 00460853184853
ئـیـنـتـرنـیـت
سایتی کۆمەلە:
www.komalah.org
سایتی رادیۆ دەنگی کۆمەلە:
www. Radiokomaleh.com
سایتی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران:
www. cpiran.org

چاپ : ئینتشاراتی ناوەندی کۆمەلە

### دەنگی حیزبی کۆمۆنیستی ئـیران

شەوانە: ۲۱ – ۲۲
جومعە بەیانیان: ۸ – ۹
شەپۆلی کورت رەدیفەکانی :
۷۵ میتر بەرابەر بە ۳۸۸۰ کیلۆ هیرتز
٦٥ میتر بەرابەر بە ٤۳۸۰ کیلۆ هیرتز
٤۹ میتر بەرابەر بە ٦٤۲۰ کیلۆ هیرتز

### دەنگـــی شۆرشـــی ئـــیران

بەیانی: ۷ تا ۸
نیوەرۆ: ۱۳ تا ١٤
ئیواران : ۱۹ تا ۲۰
شەپۆلی کورت رەدیفەکانی :
۷۵ میتر بەرابەر بە ۳۸۸۰ کیلۆ هیرتز
٦٥ میتر بەرابەر بە٤۳۸۰ کیلۆ هیرتز
٤۹ میتر بەرابەر بە ٦٤۲۰ کیلۆ هیرتز

### ئادرەسەکانی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران و کۆمەلە لە دەرەوەی ولات

Communist Party of Iran:

دەبیرخانەی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران
C . D . C . R . I
Box 704 45
107 25 Stockholm - Sweden
Tel/Fax: 46 - 08 - 86 80 54
e-mail: cpi@cpiran.org

Representation of Komala abroad
دەفتەری نوینەرایەتی کۆمەلە لە دەرەوەی ولات
K. K.
P.o.Box 75026
Box: 750 26 Uppsala - Sweden
Tel/Fax: 46-18-46 84 93
e- mail: komala@cpiran.org
ژمارە تەلەفون و فاکس:
۰۰٤٦ – ۱۸ – ٤٦ ۸٤ ۹۳

دەفتەری نوینەرایەتی کۆمەلە لە سلیمانی
Tel: 3124760 - 3125815

کومیتەی ناوەندی کۆمەلە
Tel: 0044707 - 7520 - 781
Tel: 0044707 - 7523- 966
Komalah@komalah. org